کرێکارانی جیهان یەکگرن!
# پێشڕەو
ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمونیستی ئێران)
دەورەی دووەهەم - ژمارە ٤٧٥ - پووشپەڕی ١٤٠٥ - July ٢٠٢٦



ل٣




## ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە سەبارەت بە هێرشی موشەکیی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بارەگای حزبی کۆمەڵەی کوردستانی ئێران

ل٨





## ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە لە مەحکوومکردنی کوشتنی سیاوەش ئالەک، لاوێکی خەڵکی مەهاباد و دەربڕینی داخ و پەژارە سەبارەت بە گیانبەختکردنی ژمارەیەک پێشمەرگە

ل٢



## خانەنشینان، ویژدانی وەخەبەرهاتووی کۆمەڵگە لە بەرامبەر بێ عەداڵەتی دا

ل٨



## دیاریکردنەوەی سەرلەنوێی جەلاد بۆ سەرۆکایەتیی دەزگای دادوەری

ل٩

شەڕو شەیدایانی -سەلام قادری ل١٠

سەروتار

# باجی قورسی شەڕ لەسەر شانی زەحمەتکێشانی ئێران

لە کاتێکدا کە گرمەی موشەک و فڕینی دڕۆنەکان ئاسمانی ئێران و ناوچەکەیان داگیر کردووە، بۆ جەماوەرێکی کە ٧٠ لەسەدیان پێش ئەم شەڕەش لەژێر هێڵی هەژاریدا ژیانیان بەسەر دەبرد، ئەم ڕووبەڕووبوونەوە سەربازییە کارەساتێکی مرۆیی و ئابووریی بێوێنەی خوڵقاندووە. هێرشە بەربڵاوەکانی ئەرتەشی ئەمریکا بۆ سەر پارێزگاکانی باشوور و وەڵامە موشەکییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر هەرێمی کوردستان و وڵاتانی کەنداوی فارس، ڕاستەوخۆ کاریگەریی نەرێنییان لەسەر سفرەی بێ ڕەونەقی خەڵک داناوە. ئەم شەڕە، بەپێچەوانەی گێڕانەوەی فەرمیی دەسەڵات کە بە «شانازیی نیشتمانی» و «بەرگریی پیرۆز» ناوی دەبات، بە کردەوە هیچ شتێک نەبووە جگە پەرەپێدان بە ڕەنج و مەینەتیی چینی کرێکار و زەحمەتکێش، ئەو چینەی کە باری گرانی سەرجەم لێکەوتەکانی شەڕەکە لەسەر شانی قورسایی دەکات.

ئابووریی ئێران کە پێش ئەم شەڕ و تێکهەڵچوونانەش لەژێر داروپەردووی ساڵانێکی دوور و درێژی گەمارۆکان و گەندەڵیی دامەزراوەیی ناوخۆییدا پشووی لێبڕابوو، ئێستا بە شۆکی شەڕ بەرەو دارمانی بەتەواوی هەنگاو دەنێت. هێرشە سەربازییەکانی ئەم دواییانە نەک هەر دامەزراوە بەرگرییەکان، بەڵکوو شادەماری بەرهەمهێنانی وڵاتیشیان کردووەتە ئامانج. زۆرێک لە گارگە و کارخانە گەورە و بچووکەکانی بەرهەمهێنان بەهۆی زیانی ڕاستەوخۆ یان پچڕانی زنجیرەی دابینکردنی کەرەستەی خاو، بەکردەوە داخراون. ئەو کرێکارانەی کە ساڵانێک بوو بە حەقدەستێکی ژێر هێڵی هەژاری و بەبێ بیمەی کۆمەڵایەتیی پێویست ژیانیان بەڕێ دەکرد، ئێستا تەنانەت ئەو کارە ناسەقامگیرەشیان لەدەست داوە.

بەپێی ئامارە فەرمییەکان، نرخی کاڵا بەکاربەرەکان لە پوشپەڕی ١٤٠٥ بە بەراورد بە ساڵی ڕابردوو، بە ڕێژەی ٨٨.٦ لەسەد بەرز بووەتەوە. نرخی پێداویستییە سادەکانی وەک هێلکە، تەنیا لە چەند ڕۆژی سەرەتای شەڕەکەدا ٤٠ لەسەد گرانتر بووە. سندوقی نێودەوڵەتیی دراو پێشبینی کردووە کە بەرهەمی گشتیی ناوخۆیی ئێران لەمساڵدا زیاتر بە ڕێژەی ٥.٤ لەسەد بچووکتر ببێتەوە، ئامارێکی کە لە واقیعدا، خۆی لە شکڵی هەژارییەکی موتڵەق دا نیشان دەدات. ئێستا تەنیا ٣ لەسەدی بنەماڵە ئێرانییەکان توانای کڕینی سەبەتەیەکی خۆراکی تەواو و پێشنیارکراویان هەیە. گۆشت بووەتە کاڵایەکی شاهانە و قەرزکردن لە نانەواخانە و بەقاڵییەکان، بووەتە تاکە ستراتیژیی مانەوە بۆ ملیۆنان کەس لە خەڵکی ئێران. لە زۆربەی گەڕەکە کرێکارنشینەکانی پەراوێزی شارەکان، ڕیزی دوور و درێژی وەرگرتنی کاڵای یارانەیی ئێستا لەگەڵ کەمیی تەنانەت ئەم کاڵا سنووردارانەش ڕووبەڕوو بوونەتەوە، کەمییەکی کە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دارمانی زنجیرەی گواستنەوە و دابەشکردن لە بارودۆخی شەڕدا.

ل٢ ←

دەبێ گوشاری چەندقات لەسەر بنەماڵە کرێکارییەکان لە پاڵ قەیرانی نیشتەجێبوونیشدا سەیر بکرێت. کرێی خانوو کە پێش شەڕیش سەرسوڕهێنەر بوو، بە هۆی شەپۆلی ئاوارەیی ناوخۆیی لە ناوچە سنووری و باشوورییەکانەوە بەرەو شارە گەورەکان، بەرزبوونەوەیەکی نوێی بەخۆوە بینیوە. ئەو بنەماڵانەی کە لە ئاکامی بۆردومانەکاندا خانە و لانەی خۆیان لەدەست داوە، لە خانووی کرێدا کە چەندین هێندە گرانترە لە جاران ژیان بەسەر دەبەن، بەبێ ئەوەی دەوڵەت هیچ بەرنامەیەکی دیاریکراوی بۆ نیشتەجێکردن یان قەرەبووکردنەوەی زیانەکانیان خستبێتە ڕوو.

بە بەئامانجگرتنی بەندەرە سەرەکییەکان و گەمارۆی دەریایی بەندەرەکانی ئێران، هەناردەکردنی نەوتی ئێران لە ڕێگەی گەرووی هورمزەوە لە سنووری سفر نزیک بووەتەوە. ئەم گەمارۆیە، شادەماری هاتنی دراوی بیانی بۆ ناو وڵات بڕیوە. دابەزینی داهاتی نەوت بە واتای کەوتنی ئازادی بەهای دراوی نیشتمانی و لە دوای ئەویش، بەرزبوونەوەی سەرسوڕهێنەری تێچووی هاوردەکردنی دەرمان و پارچە پیشەسازی و کاڵا بنەڕەتییەکانە. کەمیی دەرمانە تایبەتەکان، بەتایبەت بۆ نەخۆشانی شێرپەنجە و گورچیلە، ئێستا بووەتە قەیرانێکی مرۆیی، دەرمانخانە تایبەتەکان کە پێش ئەمەش بەردەوام لەگەڵ گۆڕانی نرخی دراو بەرەوڕوو بوون، ئێستا ڕەفەکانیان خاڵییە یان دەرمانەکان بە چەند هێندەی نرخی خۆی لە بازاڕی ڕەشدا دەفرۆشن. شارەزایانی ئابووری هۆشداری دەدەن کە ئەم ڕەوتە، نەک هەر هەڵاوسان بە ڕادەیەکی زۆر بەرز دەکاتەوە، بەڵکوو دەبێتە هۆی لەناوچوونی لانی کەم ٢ تا ٣ ملیۆن هەلی کار لە ماوەیەکی کورتدا.

لە نێو تەواوی بەشە زیانپێگەیشتووەکاندا، دۆخی پارێزگاکانی باشوور و بژێویی دانیشتووانی ئەو ناوچانە، هێمایەکە لە دڕندەیی ئەم شەڕە لەدژی خەڵکی سڤیل. ڕاپۆرتەکان لە بەندەرعەباس و عەسەلوویە و شارە باشوورییەکانی دیکەوە باس لە لەناوچوونی سەدان بەلەمی ماسیگری لە هێرشەکانی ئەم دواییانەدا دەکەن. بۆ ماسیگرێکی باشووری، بەلەم تەواوی دارایی و سەرچاوەی سەرەکیی ژیانی چەندین بنەماڵەیە کە بە قەرز و پاشەکەوتی چەندین ساڵە دابین کراوە. زۆرێک لەم قەرزانە هێشتا نەدراونەتەوە و ئەو ماسیگرانە، ئێستا دەبێ بەبێ هیچ سەرچاوەیەکی داهات، قیستە بانکییەکانی بەلەمێک بدەنەوە کە چیتر بوونی نەماوە.

لەناوچوونی بەلەمێکی ماسیگری، زنجیرەیەک لە بێکاری و هەژاری بەدوای خۆیدا دەهێنێت: لە کەشتیوانەوە بگرە تا تۆرچن، چاککەرەوە و ماسیفرۆشی سەر شەقام، هەموویان بە یەکجاری لە سەرچاوەی داهاتەکەیان لەدەست دەدەن. لەو ناوچانەی کە پێش شەڕیش بەدەست کەمیی ئاو، بڕانی کارەبا و پیسبوونی ژینگەی پیشەسازییەوە دەیانناڵاند، ئێستا نائەمنبوونی دەریا تیرێکی کۆتاییە لە جەستەی لاوازی ئابووریی ناوخۆیی. بەرزبوونەوەی تێچووی لەنجەکان و نائەمنیی ڕێگا ئاوییەکان بووەتە هۆی ئەوەی کە تەنانەت کاڵا هاوردەکراوە سادەکانیش بە نرخێکی گران بگەنە دەستی خەڵک. بۆ ماسیگرێک کە بەلەمەکەی لە ئاگردا سووتاوە یان لەنگەرگاکەی وێران بووە، شەڕ لەگەڵ برسێتی منداڵەکانی و قەرزە بانکییەکانی هاتووەتە ناو قووڵایی ژیانییەوە.

لەم ناوەندەدا ژنانی کرێکار و سەرپەرشتی بنەماڵە لەگەڵ دژوارییەکی دووقات ڕووبەڕوون. زۆربەی کارە نافەرمییەکان کە ژنانی کرێکار تێیدا سەرقاڵ بوون، لە بەرگدرووونی ناو ماڵانەوە بگرە تا کارکردن لە کارگە بچووکەکانی پیشە دەستییەکان و کەرەستەی خۆراکی، بەهۆی داخرانی یەکە بەرهەمهێنەرەکان و دابەزینی هێزی کڕینی بەکاربەران، یەکەم قوربانییانی سستبوونی ئابووریی شەڕ لێدراو بوون. منداڵانی کاریش کە تەنانەت پێش شەڕیش ژمارەیان لە سەر شەقامی شارە گەورەکان ڕوو لە زیادبوون بوو، ئێستا بە هەژارتربوونی بنەماڵەکان، ژمارەیەکی زیاتر لە هاوتەمەنەکانیان لە تەنیشت خۆیاندا دەبینن.

ئەزموونەکان نیشانی داوە کە لە کەشوهەوای شەڕدا، داواکارییە ڕەواکانی کرێکاران، خانەنشینان و زەحمەتکێشان پەراوێز دەخرێن. ڕژێم بە خراپ بەکارهێنانی «باری نائاسایی»، هەر جۆرە نارەزایەتییەک لەژێر ناوی «خیانەت لە کاتی شەڕدا» سەرکوت دەکات. ڕێکخراوە سەربەخۆکانی کرێکاران کە پێش شەڕیش لەژێر فشاری ئەمنیدا بوون، ئێستا بە بیانووی «بارودۆخی نائاسایی و فریاگوزاریی وڵات»، بوونەتە ئامانجی سەرکوتکارییەکی توندتر. واقیعییەت ئەوەیە کە سەرکێشییە سەربازییەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکەدا، پێش ئەوەی هەڕەشە بێت بۆ سەر دوژمنانی، سفرە و بژێویی خەڵکی ئێرانی کردووەتە ئامانج.

تەنیا ڕێگای ڕزگاربوون لەم دۆخە پڕ لە نەهامەتییە، کۆتاییهێنانە بەو سیاسەتە شەڕخوازانەیەی کە مانەوەی خۆی لە وێرانکردنی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکدا دەبینێتەوە. دەبێ هێزە پێشکەوتنخوازەکان و چینی کرێکار بە دەنگی بەرز هاوار بکەن کە نە شەڕیان دەوێت و نە ستەم و سەرەڕۆیی، چونکە لە هەر دوو بارەکەدا، ئەم زەحمەتکێشانەن کە دەبنە قوربانیی سەرەکیی قوربانگای دەسەڵاتخوازیی. ڕێکخستنی سەربەخۆی پیشەیی و چینایەتی، و هاوپشتی لە نێوان کرێکاران، موعەلیمان، پەرستاران و خانەنشینان لە سەرانسەری ئێران، تەنیا قەڵغانێکە کە دەتوانێت لە بەرامبەر ئەم شەپۆلە بەردەوام ڕوو لە زیادبوونەی هەژاری و سەرکوتەدا، بەرگری لە بەرژەوەندیی زۆربەی هەرەزۆری زەحمەتکێشانی کۆمەڵگا بکات.

********

## ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە لە مەحکوومکردنی کوشتنی سیاوەش ئالەک، لاوێکی خەڵکی مەهاباد و دەربڕینی داخ و پەژارە سەبارەت بە گیانبەختکردنی ژمارەیەک پێشمەرگە




مێژووی کۆماری ئیسلامی پڕە لەو جینایەتانەی کە هەرگیز لە بیرەوەریی خەڵکی ئێران و کوردستان ناسڕێتەوە. لەسەر زوڵم و ستەمەکانی ئەم ڕژێمە دەرحەق بە خەڵک، دەکرێ چەندین کتێب وناميلکە بنووسرێت.

هاوکات لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هەواڵی دڵتەزێنی گیانبەختکردنی ژمارەیەک لە پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و گەریلاکانی پژاک، لە شاری مەهابادیشەوە هەواڵەکان باسیان لەوە کرد کە ڕۆژی چوارشەممە ١٠ی پووشپەڕی ١٤٠٥، چەند کەس لە لاوانی ئەم شارە، تەنیا بە تاوانی لەبەرکردنی جلوبەرگێک کە هاوشێوەی جلوبەرگی پێشمەرگە بووە، کەوتوونەتە بەر هێرشی بەکرێگیراوانی سەر بە ڕژێم. لەم هێرشەدا، سیاوەش ئالەک بە زەبری چەقۆ گیانی لەدەستدا و چوار لاوی دیکەش بەسەختی برینداربوون.

فەرماندەی هێزی ئینتزامیی ڕژێم لە مەهاباد، بەمەبەستی هێورکردنەوەی ڕق و توڕەیی گشتیی خەڵک، ئیدیعای ئەوەی کردووە کە تۆمەتباری ئەم تاوانەیان دەستگیر کردووە، بەڵام خەڵکی مەهاباد باش دەزانن کە کاربەدەستان و بەکرێگیراوانی حکوومەتی ئیسلامی گەلێک تاوانی هاوشێوەیان ئەنجام داوە کە لە سایەی سەرکوت و بێدەنگیدا، لەبیر کراون.

ئەم تاوانە بۆ خەڵکی مەهاباد وەبیرهێنەرەوەی کوشتنی بێبەزەییانەی شوانە سەیدقادرییە لە ساڵی ١٣٨٤دا، تاوانێکی کە لەو سەردەمەدا ڕاپەڕینێکی یەک مانگە و مانگرتنێکی گشتی و سەرتاسەریی لێکەوتەوە. لە ماوەی دوو شەوی ڕابردووشدا لاوانی مەهاباد لە نارەزایەتی بەرامبەر بەم تاوانە نوێیە ڕژاونەتە سەر شەقامەکان و دوێنێ تەرمی سیاوەش ئالەک لە نێو خەم و پەژارەی هەزاران کەس لە خەڵکی ئەم شارە بە خاک سپێردرا.

کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە وێڕای دەربڕینی داخ و پەژارەی قووڵی خۆی سەبارەت بە گیانبەختکردنی پێشمەرگە و گەریلاکانی ئەم دواییە، خۆی بە هاوبەشی خەمی بنەماڵە، دۆستان و هاوڕێیانیان دەزانێت و سەرەخۆشییان لێ دەکات. ئێمە کوشتنی سیاوەش ئالەک، ئەو لاوە بێ دیفاعەی کە لە شاری مەهاباد بووە ئامانجی قین لەدڵیی بەکرێگیراوانی حکوومەت، بە توندی مەحکوم دەکەین و هاوخەمی قووڵی خۆمان لەگەڵ بنەماڵەی ئەم ئازیزە گیانبەختکردووە و خەڵکی مەهاباد ڕادەگەیەنین.

ئێمە هاودەنگ لەگەڵ خەڵکی نارازیی مەهاباد، خوازیاری ئەم خاڵانەی خوارەوەین:

پێکهێنانی لێژنەیەکی سەربەخۆ و بێلایەن، لە دەرەوەی دامەزراوە ئەمنیی و دادوەرییەکانی حکوومەت، بەمەبەستی لێکۆڵینەوەیەکی شەفاف لەسەر ئەم پرسە و ناسینەوە و سزادانی هەموو ئەنجامدەران و فەرماندەرانی ئەو تاوانە

کۆتاییهێنانی بەپەلە بەو کەشوهەوای ترس و تۆقاندنەی کە هێزە ئەمنییەکان و بەکرێگیراوانی حکوومەت لەدژی لاوانی کورد لە مەهاباد و شارەکانی دیکەی کوردستان خوڵقاندوویانە.

ئازادی بێ شەرت و مەرجی ئەو لاوانەی کە لە ڕەوتی نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی مەهابادا دەستبەسەر کراون و هەروەها ڕاگرتنی هەر چەشنە بەدواداچوونێکی دادوەری و ئەمنی لەدژی نارازییان و

دابینکردنی مافی خەڵکی کوردستان بۆ خۆپیشاندانی هێمنانە و دەربڕینی توڕەیی و نارەزایەتی خۆیان، بەبێ سەرکوتکردن.

کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە

(ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

# ڕاپۆرتی شیکاریی سیاسیی پلینۆمی دەیەمی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە
# پووشپەڕی ١٤٠٥ / ژوئەنی ٢٠٢٦

## بارودۆخی سیاسیی ئێستا و ئەرکەکانی ئێمە

### پێشەکی

ئەم ڕاپۆرتە بە کورتی چاوێک بە بارودۆخی سیاسیی ئێستای ئێران و دەرئەنجامەکانی شەڕی ئەم دواییەی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا دەخشێنێت. ئامانج لێی پێشکەشکردنی شیکارییەکی ڕوونە بەمەبەستی دارشتنی تاکتیک و سیاسەتەکانی داهاتووی حیزب. بە سەرنجدان بەوەی کە بڵاوکراوە و ئۆرگانەکانی تەبلیغی و پەرەپێدانی حیزب بەردەوام هەوڵ دەدەن هیچ بۆشاییەکی شیکاری لەم بوارانەدا نەهێڵنەوە، ئەم ڕاپۆرتە جەخت لەسەر ڕەهەندە سەرەکییەکانی شەڕی ٤٠ ڕۆژەی ئەم دواییە و کاریگەرییەکانی لەسەر ناوچەکە و جیهان دەکاتەوە. ئەم شەڕە کە هێشتا نەبووەتە هۆی ئاگربەستێکی بەردەوام، ڕووداوێکی گرنگ بووە لە سەر ئاستی جیهانیدا و دەرئەنجامەکانی کاریگەرییان لەسەر ئابووری و سیاسەتی جیهانی هەیە.

شەڕی ئەم دواییە ناکرێت تەنیا لە چوارچێوەی ڕووبەڕووبوونەوەی کۆماری ئیسلامی، ئەمریکا و ئیسرائیلدا بدرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. ئەم شەڕە لە بارودۆخێکدا ڕوویداوە کە سیستەمی نێودەوڵەتی بەهۆی چڕبوونەوەی کێبڕکێی نێوان زلهێزەکان، دارمانی میکانیزمەکانی پێشووی نەزمی جیهانی و پەرەسەندنی ململانێ ژیۆپۆلیتیکییەکان، چووەتە قۆناغێک لە ڕێکخستنەوەی سەرلەنوێ. بەردەوامیی شەڕی ئۆکراین، گۆڕانکارییەکانی دوای حەوتی ئۆکتۆبەر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کێبڕکێی هەرچی زیاتری ئەمریکا لەگەڵ چین و ڕووسیا و گرنگیی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی ڕێڕەوەکانی گواستنەوەی وزە، هەموویان ئەوە نیشان دەدەن کە هەر گۆڕانکارییەک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، دەبێتە بەشێک لە ململانێیەکی بەرفراوانتر لەسەر شێوازی داهاتووی دابەشبوونی دەسەڵات لە جیهاندا.

بەیاننامەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران کە نزیکەی ساڵێک لەمەوبەر لە ٢٤ی جۆزەردانی ١٤٠٤دا سەبارەت بە شەڕی ئێران و ئیسرائیل دەرچوو، هێشتا بنەمای سیاسەتەکانی ئێمە پێکدەهێنێت. ئەو بەیاننامەیە هەر لە سەرەتاوە ماهییەتی شەڕەکە، پێگەی هێزە بەشداربووەکان، ڕۆڵی زلهێزە جیهانییەکان و ئەرکی سەربەخۆی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە و کرێکاریی بە ڕوونی دەستنیشان کرد. لە بارودۆخی ئێستادا کە ئاگربەستێکی لەرزۆک لە ئارادایە و چارەنووسی ئاشتی نادیارە، پێویستە ئەو چوارچێوە شیکارییە پەرە پێبدەین و بە سەرنجدان بە گۆڕانکارییە نوێیەکان، ئەرکە سیاسی و ڕێکخراوەییەکانی خۆمان بە وردی دابڕێژینەوە.

### ١. ماهییەتی شەڕی کۆماری ئیسلامی، ئەمریکا و ئیسرائیل

ئەم شەڕە لە لایەن هەردوولاوە کۆنەپەرستانەیە. کۆماری ئیسلامی ڕژێمێکی کۆنەپەرست، دوژمنی خەڵک، دژەژن، دژەکرێکار و سەرکوتکەرە کە بۆ مانەوەی دەسەڵاتی خۆی شەڕ دەکات. سیاسەت و کردەوە کۆنەپەرستانەکانی لە چەند دەیەی ڕابردوودا بیانووی بۆ ئەم هێرشە ڕەخساندووە. لە لایەکی دیکەوە، ئیسرائیلیش ڕژێمێکی جینایەتکار و داگیرکەرە کە سیاسەتی جینۆسایدی دژی خەڵکی فەلەستین بەڕێوە دەبات و دەیەوێت هاوسەنگیی هێز لە ناوچەکە لە بەرژەوەندیی خۆیدا بگۆڕێت. دەوڵەتی ئەمریکاش بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆماری ئیسلامی و گۆڕینی بۆ هاوبەشێکی ئاسایی، بە مەبەستی چەسپاندنی هەژموونی خۆی بەسەر ناوچەکەدا و پاشەکشێپێکردن بە نفوزی هێزە ڕکابەرەکانی، شەڕ دەکات.

لەم ڕوانگەیەوە، هێزێکی شۆڕشگێڕ و بەرپرسیار هەرگیز بە بیانووی هێرشی دەرەکی بۆ سەر ئێران، ستراتیژیی خەباتی خۆی دژی کۆماری ئیسلامی ڕاناگرێت و هیوای پووچ و بێنەما لەسەر ئیسرائیل و ئەمریکا وەک هێزێکی «ڕزگارکەر» هەڵناچنێت. ئەم ئاراستەیە، جەوهەری سیاسەتی سەربەخۆی چینایەتی و شۆڕشگێڕانەی ئێمەیە کە دەبێ وەک خۆی بپارێزرێت.

### ٢. ئامانجەکانی ئەم شەڕە

• **(ئەلف) کۆماری ئیسلامیی ئێران:** ئامانجی سەرەکیی کۆماری ئیسلامی مانەوە و ڕێگریکردنە لە ڕووخان یان گۆڕینی ڕژێم. پاراستنی بەرنامەی ئەتۆمی وەک ئامرازێکی دانوستان، پاراستنی توانای موشەکی وەک ئامرازێکی بەرپەرچدانەوە و بەردەوامیی نفوز و کاریگەری لەسەر وڵاتانی ناوچەکە وەک ئامرازێکی ناڕاستەوخۆی سەپاندنی دەسەڵات، هەموویان بۆ جێگیرکردنی پێگەی ئەم ڕژێمە وەک ئەکتەرێکی کاریگەر لە هاوکێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زۆر گرنگن.

• **(ب) ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا:** ئامانجەکانی ئەمریکا بریتین لە کۆنترۆڵکردن و ڕێکخستنی ڕەفتارەکانی کۆماری ئیسلامی، ڕێگریکردن لە بوونی ئێران بە هێزێکی سەرکێش و کۆنترۆڵنەکراو، و ناچارکردنی بە قبوڵکردنی یاساکانی ئەو نەزمە ناوچەییەی کە دڵخوازی ئەمریکایە. ئەم ئامانجانە مەرج نییە بەدوای گۆڕینی ڕژێمەوە بن، بەڵکوو لەسەر دەستەبەرکردنی ئاسایشی ئیسرائیل وەک هاوپەیمانێکی ستراتیژی، سنووردارکردنی نزیکبوونەوەی ئێران لە هێزەکانی وەک چین و ڕووسیا، ڕێگریکردن لەبوونی ئێران بە بەشێک لە بلۆکی ڕکابەر لە نەزمی جیهانیدا و کۆنترۆڵکردنی هاتوچۆی وزە (نەوت و گاز) و بە کراوەیی و نێودەوڵەتی هێشتنەوەی گەرووی هورمز جەخت دەکەنەوە.

• **(ج) ئیسرائیل: ئامانجەکانی ئیسرائیل سروشتێکی ئەمنی تر و زێدەخوازانەتری هەیە:** ڕووخاندن یان دارمانی کۆماری ئیسلامی وەک ئامانجێکی باڵا، ڕێگریکردن لە دەستڕاگەیشتنی ئێران بە چەکی ئەتۆمی بە هەر شێوازێکی گونجاو، لاوازکردنی دەسەڵاتی ناوچەیی کۆماری ئیسلامی، و لێدان لە تۆڕی هێزە بەوەکالەتەکانی.

خاوبوونەوەی ڕەوتی دانوستانەکانی ئێستا لەم ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێت کە کۆماری ئیسلامی ئامادە نییە دەستبەرداری پێکهاتە سەرەکییەکانی دەسەڵاتی خۆی بێت، چونکە ئەوە بە واتای لەدەستدانی مانەوەی خۆی دەزانێت. ئیسرائیل ئەم پێکهاتانە بە هەڕەشەیەکی قبوڵنەکراو دادەنێت. ئەمریکاش لە نێوان ئەم دووانەدا، لەهەوڵی بەڕێوەبردن و ئاراستەکردنی قەیرانەکەدایە بێ ئەوەی بچێتە ناو شەڕێکی پڕ تێچووی هەمەلایەنەوە. لە ئەنجامدا، نە شەڕ توانیویەتی ئەم دژوازییە چارەسەر بکات و نە دیپلۆماسیش توانیویەتی کۆتایی پێ بهێنێت، و ئێستا ململانێکان لە ئاستە جیاوازەکاندا بەردەوامن.

### ٣. دوو هەڵوێستی جیاواز

لە سەردەمی ڕووداوەکانی وەک کوشتارەکەی مانگی بەفرانبار و شەڕی ٤٠ ڕۆژەی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ ئێران، دوو ڕوانگەی جیاواز لە نێوان لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئێراندا سەریهەڵدا:

ئاراستەی یەکەم: چ لە ڕاستی سەڵتەنەتخواز و چ لە نێوان بەشێک لە هێزە چەپەکاندا، بە پشتبەستن بە جۆش و خرۆشی سیاسی و هەندێک شرۆڤە و هەڵسەنگاندنی بەپەلە، خەڵکیان بە شێوەیەکی هەرەمەکی ڕەوانەی سەر شەقام دەکرد یان شەڕی دەرەکییان وەک «دەرفەتێک» بۆ ڕووخانی کۆماری ئیسلامی لەقەڵەم دەدا. ئەم ڕوانگەیە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی هاوسەنگیی هێز، ئامادەیی ڕێکخراوەیی، ڕێبەریی، ئامانجێکی دیاریکراو و تێچووی مرۆیی، بە کردەوە خەڵکیان بەبێ بەرگریی لەبەرامبەر دەزگای سەرکوت یان وێرانکاریی شەڕدا بە تەنیا جێدەهێشت.

**ئاراستەی دووەم:** لە بەرامبەردا، ئاراستەکەی دیکە هۆشداری دەدا کە بانگەشەی خەڵک بۆ سەر شەقام بەبێ ڕێکخستن، ڕێبەریی و بەرنامەیەکی ڕوون، لە بارودۆخێکدا کە کۆماری ئیسلامی دەستی لەسەر پەلەپیتکەیە، دەکرێ کارەساتی لێ بکەوێتەوە. ئەم ئاراستەیە لەم قۆناغەدا لەسەر شێوازی کاریگەرتر و کەمتێچووتر، لەوانە مانگرتنی گشتی، ڕێکخستنی گەڕەکەکان و ناوەندەکانی کار، و دروستکردنی ڕێبەرییەکی بەکۆمەڵ جەختی دەکردەوە. سەبارەت بە شەڕیش، ئەم ڕوانگەیە پێی وابوو کە هێرشی دەرەکی نەک هەر نابێتە هۆی ئازادی، بەڵکوو دەکرێت پاشەکشێ بە کۆمەڵگە بکات لە خەباتی سەربەخۆ (وەک ئاخێزی مانگی بەفرانباری ١٤٠٤، بە دروشمی «نان، کار، ئازادی») لەدژی ڕژێم، تاوانە ناوخۆییەکان پەراوێز بخات، کەشوهەوای ئەمنی توندتر بکاتەوە و تەنانەت یارمەتی مانەوەی حکومەتیش بدات.

ئەزموونی کرداری نیشانی دا کە سیاسەتی یەکەم سەرکێشانە، نابەرپرسانە و پشتئەستور بوو بە هیوا بەستن بە هێزە کۆنەپەرستە دەرەکییەکان و شۆکە شەقامیی یان سەربازییەکان. بەڵام سیاسەتی دووەم، بە جەختکردنەوە لەسەر ڕێکخستن، هۆشیاری، هاوسەنگیی هێز و سەربەخۆیی خەباتی جەماوەر، واقیعیانەتر و بەرپرسیارانەتر بوو.

### ٤. چاوەڕوانییە ئەگەرییەکان

بە ئەگەرێکی زۆر، دانوستانەکانی نێوان ئێران و ئەمریکا ئەگەر نەشگاتە ڕێککەوتنێکی ستراتیژی و بەردەوام، کە لە بارودۆخی ئێستادا دوور لە چاوەڕوانییە، لانیکەم دەبێتە هۆی درێژکردنەوەی ئاگربەست و دروستبوونی قۆناغێکی «نە شەڕ، نە ئاشتی». ئەم قۆناغە دەکرێت بریتی بێت لە دانوستانی درێژخایەن، هەڕەشەی دوولایەنە، گوشاری سیاسی و ئابووری، و هەروەها ئامادەباشی هەمیشەیی.

دەوڵەتی ئەمریکا پێدەچێت بە لەبەرچاوگرتنی تێچووەکان، دژایەتییە بەربڵاوە ناوخۆیی و ناوچەییەکان، و سوود و قازانجەکان، زۆر حەز بە دەستپێکردنەوەی دەستبەجێی شەڕ نەکات. ئەمریکا پێی باشترە بە شێوازی جۆراوجۆر درێژە بە هەمان سیاسەتی ناسراوی گوشاری زۆرتر بدات: گەمارۆ، گۆشەگیریی دیپلۆماتی، هەڕەشەی سەربازی، دارمانی ئابووری، و ئیمتیازوەرگرتنی قۆناغ بە قۆناغ. مانای ئەم دۆخە ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی، تەنانەت لە نەبوونی شەڕی ڕاستەوخۆشدا، هێشتا لەژێر گوشارێکی توندا دەمێنێتەوە. بەڵام ئەم گوشارانە ڕژێم دەخەنە بەردەم دووڕیانێکی مێژوویی:

• **(ئەلف) پاشەکشێ و گۆڕانی ڕواڵەتی پێکهاتەی ناوخۆیی دەسەڵات:** خۆبەدەستەوەدانی ڕێژەیی لە بەرامبەر گوشارەکاندا، هەرچەندە ڕەنگە بە شێوەیەکی کاتیی لە توندیی قەیرانەکە کەم بکاتەوە، بەڵام بە ئەگەرێکی زۆر دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە پێکهاتە و ڕوخسارەکانی ڕێبەرایەتی داهاتووی کۆماری ئیسلامیدا، واتە جۆرێک لە گۆڕینی پێکهاتەی ڕێبەرایەتی لە سەرەوە بۆ پاراستنی تەواوەتی سیستەمەکە بە تێچوویەکی کەمتر. بەڵگەکان نیشان دەدەن کە لایەنگرانی ئەم سیاسەتە ئێستا دەستی باڵایان هەیە.

• **(ب) هەنگاونان بەرەو مۆدێلی مانەوە لە ڕێگەی گۆشەگیرییەوە:** خۆبەدەستەوەنەدان دەکرێت بە مانای هەڵبژاردنی ئاراستەی سەرکوت، ئابووری داخراو، کۆمەڵگەی کۆنترۆڵکراو، و هەنگاونان بێت بەرەو چەکی ئەتۆمی وەک گەرەنتی کۆتایی بۆ مانەوە، مۆدێلێکی کە لە کۆریای باکوورەوە نزیکە. بەڵام وەها ئاراستەیەک تەنیا بە واتای دواخستنی کارەساتەکەیە. ئەگەر ئەم بژاردەیە بگیرێتەبەر، شەڕێکی دیکە لەگەڵ ئیسرائیل لە ئەگەرێکی دوورەوە دەبێتە چاوەڕوانییەکی جیدی.

لە هەردوو بارودۆخەکەدا، ئەنجامەکە ڕوونە: قەیرانی ڕژێم چارەسەر نابێت، بەڵکوو تەنیا شێوازەکەی دەگۆڕێت.

درێژەی لە لاپەڕەی دواتر ⬅

پێشڕەو
دەورەی دووەهەم - ژمارە ٤٧٥ - پووشپەڕی ١٤٠٥ - July ٢٠٢٦

## «ئێران لە دوای شەڕ: چاوەڕوانییەکان و ئەرکەکانی ئێمە »

### پێشەکی

کۆتاییهاتنی بەکردەوەی شەڕ و فەرمیبوونی ئاگربەست نابێت وەک جێگیربوونی ئاشتییەکی بەردەوام لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەیر بکرێت. ئەوەی ئێستا لە ئارادایە، سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی هەمان قەیرانی پێشووە بە شێوازێکی تر. تێگەیشتن لەم جیاوازییە، بنەمای هەر شیکاری و ستراتیژییەکی کردەییە. ئەم راپۆرتە تیشک دەخاتە سەر هۆکارەکانی ئەم ئاگربەستە و کاریگەرییەکانی لەسەر ڕێکخستنی هێزەکانی ناوچەکە و ناوخۆی ئێران و ئەرکەکانی بەردەممان ڕوون دەکاتەوە.

### ١. پێویستیی ئاگربەست و لێک تێگەیشتن

ئەو بارودۆخەی کە ئیمکانی ئاگربەستەکەی ڕەخساند و لایەنەکانی ناچار کرد، لە ڕاستیدا لە هەمان لۆژیکی مادیی ئەو قەیرانەوە سەرچاوە دەگرێت کە بنەمای شەڕەکەی بە پێویست زانیبوو. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمریکا و هێزە ناوچەییەکان مەیلیان لە بەردەوامبوونی شەڕەکە نەبوو. تێچووی قورسی ئابووری، نائەمنبوونی بازاڕەکانی وزە و گەشتیاریی دەریایی لە کەنداوی فارسەوە تا دەریای ناوەڕاست، و پێویستیی سەرمایەی جیهانی بە لانیکەمێک لە سەقامگیری بۆ قازانج بەدەستهێنان، لە زومرەی هۆکارەکانی ئەم بێمەیلییە بوون. ئیسرائیلیش، سەرەڕای حەزی لە بەردەوامبوونی شەڕ، بەهۆی وابەستەیی زۆر بە پاڵپشتیی ئەمریکا، ناچار بوو لەگەڵ ئەم ڕێککەوتنامەیەدا هاوڕا بێت. سەرەڕای ئەمەش، بەردەوامیی شەڕەکە دەیتوانی ببێتە هۆی گۆشەگیریی نێودەوڵەتیی زیاتر، گوشاری ڕای گشتیی جیهانی، و تەنانەت قووڵبوونەوەی کەلێن و ناکۆکی ناوخۆیی لە ئەمریکا (لەوانە پەرەسەندنی کەلێن لە نێوان ڕای گشتی، کابینە و شەخسی ترامپ) و ئیسرائیل.

### ٢. ڕێککەوتنامەی نوێ و گۆڕانکاری لە ئارایشی هێزەکاندا

پرسیاری سەرەکی ئەوە نییە کە ئایا کۆماری ئیسلامی ئیمتیازی زیاتری وەرگرت یان ئەمریکا، بەڵکوو ئەوەیە کە ئەم ڕێککەوتنامەیە چ گۆڕانکارییەک لە ئارایشی هێزە چینایەتی و سیاسییەکانی ناوچەکە و لە هاوسەنگیی هێزی ناوخۆی ئێراندا دروست دەکات. ڕێککەوتنی بەرجام لە ساڵی ٢٠١٥ تەنیا ڕێککەوتنێکی تەکنیکیی ئەتۆمی نەبوو، بەڵکوو کرانەوەیەکی ڕێژەیی ئابووریی بەدوای خۆیدا هێنا، تەکنوکراتەکان و «بۆرژوازیی لیبراڵ-ڕانتی» بە شێوەیەکی کاتیی بەهێز کرد و هێزە توندڕەوەکانی تا ڕادەیەک پەراوێز خست. بەرجام لە بارودۆخێکدا پێکهات کە ئەمریکا لە چوارچێوەی نەزمێکی تا ڕادەیەک سەقامگیردا کاری دەکرد بۆ کۆنترۆڵکردنی بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران و کۆماری ئیسلامیش بەدوای کەمکردنەوەی گەمارۆکانەوە بوو بەمەبەستی بەردەوامبوونی هەمان مۆدێلی «سەرمایەداریی ڕانتی-سەربازی».

بەڵام ئەم ڕێککەوتنە نوێیە، دوای شەڕێکی ناوچەیی ڕاستەقینە و لە سەر بەستێنی قەیرانی قووڵی سەرمایەداریی جیهانی، کێبڕکێی ئەمریکا و چین، و زیانگەیشتن بە نەزمی ئەمریکاتەوەر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پێک دێت. ئێمە لەبەردەم قۆناغێکی نوێ لە قەیرانی هەژموون (باڵادەستی) لە ناوچەکەداین، نەک گەڕانەوە بۆ ئەو دۆخە تارادەیەک سەقامگیرەی ساڵانی ٢٠١٣ تا ٢٠١٦. ئەم ڕێککەوتنامەیە کۆتایی قەیرانەکە نییە، بەڵکوو داڕشتنەوەیەکی نوێیە لە هەمان قەیرانی ناوچەیی.

### ٣. فاکتەرە سەرەکییەکان لە ئارایشی نوێی ناوچەکەییدا

- عەرەبستان و وڵاتانی کەنداو: ئەم وڵاتانە بە وەبەرهێنانی گەورە لە پرۆژەکانی وەک شاری «نیئۆم» و ناوچە ئازادەکان، وابەستەن بە سەقامگیریی نرخی نەوت و ئاسایشی ڕێڕەوەکانی گەشتیاریی دەریایی. نزیکبوونەوەی ڕێژەیی عەرەبستان و ئێران و پەیوەندی لەگەڵ چین لە چوارچێوەی پرۆژەی «کەمەربەند و ڕێگا» نیشان دەدات کە ئەم وڵاتانە بەدوای یاریکردن لە گۆڕەپانی چەندین هێزدان، نەک تەنیا گۆڕەپانی ئەمریکا.
- ئەمریکا و ئیسرائیل: ئەمریکا دەیەوێت کۆنترۆڵی ناوچەکە بپارێزێت و باڵادەستیی تەواوی پترۆدۆلار زیندوو بکاتەوە، بەڵام لە شەڕێکی ماندووکەری نوێوە نەگلێت. بەڵام دەوڵەتی ڕاستڕەوی ئیسرائیل بە پشتبەستن بە ناسیۆنالیزمی توندڕەو دەیەوێت پرسی کۆماری ئیسلامی بە توندوتیژی و هەرچی زووتر «یەکلایی» بکاتەوە.
- کۆماری ئیسلامی: تۆڕی هێزە بەوەکالەتەکانی کۆماری ئیسلامی، لە حیزبوڵڵا و حوسییەکانەوە بگرە تا هەندێک گرووپی عێراقی، بەشێک لە زەربەکانیان بەرکەوتووە. تێچووی دارایی، لۆجستی و سیاسیی پاراستنی ئەم تۆڕانە بەرز بووەتەوە، لە کاتێکدا لە ناوخۆی وڵاتدا هەژاری، هەڵاوسان و ناڕەزایەتی بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیادی کردووە. ئەم دۆخە دەرفەتی ئاشکراکردنی ماهییەتی دژە نەتەوەیی و دژە چینایەتیی ئەم سیاسەتانە لە ڕێگەی دژوازی نێوان تێچووە دەرەکیی و پێداویستییە ناوخۆییەکان دەڕەخسێنێت.
- ڕووسیا و چین: ئەم دوو زلهێزە ئەڵتەرناتیڤی دژە سەرمایەداری نین، بەڵکوو هێزی سەرمایەداریی دەوڵەتین کە لە کێبڕکێ لەگەڵ ئەمریکادا قازانج دەکەن، بەڵام لۆژیکی قازانج و بازاڕ بەرهەم دەهێننەوە. هیچ کامێکیان حەز بە نائەمنی و نەسەقامگیرییەکی کۆنترۆڵنەکراو ناکەن.
- ئورووپا: بەپێچەوانەی سەردەمی بەرجام، ئورووپا ئەمجارە زیاتر پاشکۆ و شوێنکەوتووە. قەیرانە ناوخۆییەکانیان، لە وزە و کۆچبەرییەوە بگرە تا گەشەی ڕەوتی ڕاستی توندڕەو، توانای مانۆڕی ئەوانی کەم کردووەتەوە.

### ٤. کاریگەریی ڕێککەوتنامەکە لەسەر پێکهاتەی ناوخۆیی کۆماری ئیسلامی

بەردەوام مانەوەی کۆماری ئیسلامی لە شێوازی ئێستایدا، ڕێگاچارەی ئابووریی نییە و ڕێگاچارەی سیاسییەکەشی قەیرانی سیاسیی بەدوای خۆیدا دەهێنێت. کۆماری ئیسلامی ڕژێمێکی سەرمایەداریی ڕانتی-نیزامی-ئایدۆلۆژییە. ڕێککەوتنامەکە ئەم ماهییەتە ناخاتە ژێر پرسیارەوە، بەڵکوو تەنیا شێوازی بەڕێوەبردن و مانەوە هەموار و دەستکاری دەکات: کەمێک نەرمی لە سیاسەتی دەرەوەدا، بەبێ کرانەوەی ڕاستەقینەی فەزای سیاسی. حاکمییەت لەجیاتی چارەسەرکردنی قەیرانەکە، شێوازی بەڕێوەبردنی قەیرانەکە دەگۆڕێت.

ئەو قەیرانە چەند ڕەهەندانەی کە تەنانەت بە کەمبوونەوەی گوشاری دەرەکیش وەک خۆیان دەمێننەوە، بریتین لە: قەیرانی مەشروعییەت لەگەڵ میراتی ئاخێزی ساڵەکانی ٩٦، ٩٨ و ١٤٠١، ١٤٠٤، قەیرانی ئابووری لەگەڵ هەڵاوسان، بێکاری و دارمانی بەهای دراو، قەیرانی پەیوەندیی دەوڵەت لەگەڵ کۆمەڵگە، قەیرانی ژینگەیی، و قەیرانی سندووقەکانی خانەنشینی. ئەمانە نیشانەکانی سەرمایەدارییەکی پەراوێزیی ڕانتین کە ناتوانێت سەقامگیریی کەڵەکەکردنی بەردەوام دەستەبەر بکات و بەردەوام لە نێوان ڕانت بەخشین بە تۆڕەکانی دەسەڵات و سەرکوتی توندوتیژی ناڕەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکاندا دێت و دەچێت.

حکومەت پێدەچێت دوای ڕێککەوتنامەکە کۆمەڵێک بەڵێن بهێنێتە ئاراوە: ئازادبوونی بەشێک لە داراییە بلۆکەکراوەکان، زیاتربوونی فرۆشتنی نەوت، چالاکبوونی پرۆژە گەورەکان، و کەمبوونەوەی ڕێژەیی گرژی لە بازاڕی دراودا. بەڵام لە پێکهاتەی ئێستادا، ئەم کرانەوەیە پێش ئەوەی بگاتە سەر سفرەی خەڵک، سەرفی قەرەبووکردنەوەی کورتهێنانی بودجەی دەوڵەت، بەهێزکردنی دامەزراوە ئەمنییەکان، زیندووکردنەوەی کۆمپانیا نیمچە دەوڵەتییەکان و پێدانی ڕانت بە بەڵێندەرانی نزیک لە دەسەڵات دەکرێت.

ئەنجامی ڕاستەقینە بریتی دەبێت لە دابەشکردنەوەی ڕانت لە نێوان سپا و تۆڕە ئابوورییەکانی، بنیادەکان، بەڵێندەرە گەورەکانی نەوت و گاز و توێژە بۆرژوازییەکانی بازرگانیی سەر بە دەسەڵات. بەڵام لە خوارەوە هەژاری، بێکاری، گرێبەستی کاتیی، قەیرانی نیشتەجێبوون، دارمانی سندووقەکانی خانەنشینی و نایەکسانیی چینایەتی وەک خۆی دەمێنێتەوە.

ئەزموونی کۆماری ئیسلامی نیشانی داوە کە کەمبوونەوەی گوشاری دەرەکی نەک هەر بەواتای کرانەوەی فەزای سیاسیی ناوخۆ نەبووە، بەڵکوو جاروبار پێچەوانەکەی ڕاست بووە. حکومەت کە تا ڕادەیەک خەیاڵی لە مەترسیی دەستێوەردانی دەرەکی ئاسوودە تر بووە، توندوتیژتر لە ڕابردوو دەستی کردووە بە سەرکوتی ناوخۆیی. دوای ڕێککەوتنی ئەم دواییەش ئەگەری ئەوە هەیە کە کۆنترۆڵی شەقام توندتر بکرێت، گوشار لەسەر چالاکوانانی کرێکاری، موعەلیمان، ژنان، خوێندکاران، خانەنشینان و ڕۆژنامەنووسان زیاد بکات، ڕێکخراوە سەربەخۆکان بکەونە ژێر زەبر (توندتربوونەوەی سیاسەتەکانی سەرکوت لە ئێستادا نیشانەی زاڵبوونی سەرکوتە، بەڵام یارمەتیدان بە باشتربوونی بژێوی خەڵکیش ئەگەرێکی چاوەڕوان کراوە)، و لە ناو پێکهاتەی دەسەڵاتدا، پاکتاوکردنی نوێ بەمەبەستی لادان و لەمەیدان بەدەرکردنی ڕکابەرە ناوخۆییەکان بەڕێوە بچێت. ئارامی لە بەرەکانی شەڕ، دەکرێت پەرەسەندنی توندوتیژی و خەفەقانی لە ناوخۆدا بەدواوە بێت، مەگەر ئەوەی کە گوشاری ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان پێچەوانەکەی بسەپێنێت.

### ٥. ڕەوتە ناوخۆییەکانی کۆماری ئیسلامی و کەشوهەوای چاوەڕوانی لە کۆمەڵگەدا

لە ناو کۆماری ئیسلامیدا دوو ئاراستە بەرچاوتر دەبن:

- ڕەوتی توندڕەو-ئایدۆلۆژی: هەر چەشنە ڕێککەوتنێک لەگەڵ ئەمریکا بە «خیانەت» دەزانێت و نیگەرانی پێگەی ئابووریی خۆیەتی لە دابەشکردنی ڕانتی نوێدا.
- ڕەوتی پراگماتیک یان عەمەلگەرا: بۆ پاراستنی نیزام، کەمکردنەوەی گوشاری دەرەکی بە پێویست دەزانێت و دەیەوێت بیسەلمێنێت کە بازنەی بەرتەسکی دەسەڵات دەتوانێت لەگەڵ ئەمریکادا مامەڵە بکات بەبێ ئەوەی هیچ گۆڕانکارییەک لە ماهییەتی دیکتاتۆریی ڕژێمدا بکات.

جیاوازیی ئەم دوو ڕەوتە لەسەر شێوازی مانەوەیە، نەک ماهییەتی نیزامەکە. هەردووکیان لە پاراستنی پێکهاتەکە، ڕێگریکردن لە دروستبوونی هێزی سەربەخۆی جەماوەر و کۆنترۆڵکردنی بزووتنەوە کرێکارییەکان، ژنان، گەنجان و نەتەوە بندەستەکاندا، بەرژەوەندیی هاوبەشیان هەیە.

یەکێک لە دەرئەنجامە کورتخایەنەکانی ڕێککەوتنامەی ئەم دواییە و بەردەوامیی دانوستانەکان، بریتییە لە دروستبوونی کەشوهەوای چاوەڕوانی لەناو بەشێک لە کۆمەڵگەدا. خەڵک دەپرسن ئایا دۆلار دادەبەزێت، ئایا هەلی کار باشتر دەبێت و ئایا هەڵاوسان کەمێک کۆنترۆڵ دەکرێت. ئەم چاوەڕوانییە دەکرێت بە شێوەیەکی کاتیی ڕیتمی ناڕەزایەتییەکان خاو بکاتەوە. بەڵام بەردەوام نابێت بەمەرجێک لە ژیانی ڕاستەقینەی خەڵکدا، لەسەر سفرە و لە ناوەندەکانی کاردا، گۆڕانکارییەکی بەرچاو دروست نەبێت. کۆمەڵگەی ئێران چەندین جار ئەوەی ئەزموون کردووە کە کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدات ئەم قۆناغی چاوەڕوانییە هەرچی درێژخایەنتر بکاتەوە (نموونەی قۆناغی ٨ ساڵەی دوای کۆتاییهاتنی شەڕی ئێران و عێراق).

### ٦. لاوازبوونی ڕەوتە شەڕخوازەکان و دەرفەت بۆ ئەڵتەرناتیڤی دیموکراتیک

یەکێک لە ئەنجامە سیاسییەکانی ڕێککەوتنی ئەم دواییە، بریتییە لە لاوازبوونی ئەو هێزانەی کە ستراتیژیی خۆیان لەسەر بۆردومان، دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی دەرەکی و دارمانی لە دەرەوە بنیاد نابوو. ڕەوتە شەڕخواز و سەڵتەنەتخوازەکان کە هیوایان لەسەر توندبوونەوەی گرژییەکانی نێوان ئەمریکا و کۆماری ئیسلامی هەڵچنیبوو، لە ڕوانگەی ڕای گشتی و واقیعییەتە سیاسییەکانەوە لاواز دەبن. ئەم گۆڕانکارییە، ئەگەر لەگەڵ بەهێزبوونی بەدیلە دیموکراتیک، چینایەتی و جەماوەرییەکاندا هاوکات بێت، دەتوانێت فەزای سیاسی لە دوو جەمسەریی «دیکتاتۆریی ناوخۆیی / دەستێوەردانی ئیمپریالیستی» ڕزگار بکات و ڕێگا بۆ بەدیلی سێیەم لەسەر بنەمای ئازادی، یەکسانی، ئاسایش و خۆشگوزەرانی، پشتبەستوو بە هێزی هۆشیاری، ڕێکخستن، خەبات و ناوەندێکی ڕێبەریی کە لە ناو جەرگەی ئەم ڕەوتەوە سەر هەڵدەدات خۆش بکات.

درێژەی لە لاپەڕەی دواتر ⬅

ریفۆرمخوازان ساڵانێکی زۆر خۆیان وەک هێزێکی ئەقڵانی و دور لە توندوتیژی بە ڕۆژئاوا ناساند. بەڵام ئەگەر ڕێککەوتنی ئەم دواییە ڕاستەوخۆ لە لایەن بازنەی بەرتەسکی دەسەڵاتەوە، بەبێ نێوەندگیریی ریفۆرمخوازەکان بەرەوپێش بچێت، ئەو پەیامە دەگەیەنێت کە بۆ دانوستان لەگەڵ ئەمریکا پێویست بە ریفۆرمخوازان نییە. ئاکامی چاوەڕوانکراو، بریتییە لە لاوازبوونی هەرچی زیاتری پێگەی ئەوانە، کە هەم هەڕەشەیە لەبەر مەترسیی جێگۆڕکێی ناکارامەییەکەیان لەگەڵ نائومێدی و بێ ئاسۆیی، و هەم دەرفەتە بەهۆی ڕزگاربوونی بەشێک لە هێزە کۆمەڵایەتییەکان لە وەهمی «چاکسازی لە سەرەوە» و گەڕان بەدوای ڕێگاچارەی بنەڕەتی تردا.

## ٧. دەرفەتەکانی بەردەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و ئەرکەکانی ئێمە

خودی ڕاگرتنی کوشتار و کەمبوونەوەی نائەمنی، دەرفەتێکی ڕاستەقینەیە. لە سەردەمی شەڕدا، هەر نارەزایەتییەکی کرێکاری و جەماوەری بە بیانووی شەڕ سەرکوت دەکرا. بە کەمبوونەوەی گرژییەکان، دەزگای سەرکوت هێشتا وەک خۆی ماوە، بەڵام فەزای واقیعی بۆ خستنەڕووی داواکارییە پیشەیی و سیاسییەکان بەرفراوانتر دەبێت.

لە سەرەتای ئەم قۆناغە نوێیەدا، بزووتنەوە نارەزایەتییەکان بۆ کەمکردنەوەی تێچووی خەبات، لەسەر ئەو ئامانجانە جەخت دەکەنەوە کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ دەوڵەت و دامەزراوە ئەمنییەکان بەریەککەوتنیان نەبێت: حەقدەستی دواکەوتووی کارگە تایبەتەکان، گرێبەستی کاتیی، دەرکردنی بەکۆمەڵ، زیادبوونی حەقدەست هاوتەریب لەگەڵ هەڵاوسان، ئەو بەتایبەتکردنانەی کە بوونە هۆی مایەپووچبوون بۆ نموونە حەوتتەپە، هێپکۆ و ئازەرئاب و هتد. لە کوردستان، جگە لەو بوارانەی سەرەوە، بەردەوامیی بزووتنەوە مەدەنی و فەرهەنگییانەی کە خاوەن نەریتێکی ڕیشەدارن لەم کۆمەڵگەیەدا، لە زومرەی ئەو بوارانەن کە دەتوانن ڕێگری بکەن لە زاڵبوونی فەزای نائومێدی و بێ هیوایی کۆمەڵایەتی سەرچاوەگرتوو لەو بارودۆخە نوێیە.

لە هەلومەرجی ئێستادا، جۆرێک لە دابەشکاریی سیاسی-پیشەیی پێویستە: حیزب دەبێ لە تەبلیغاتی خۆیدا لەسەر ئازادییە دیموکراتیکەکان، مافی مانگرتن، مافی ڕێکخراوی سەربەخۆ و نەهێشتنی سەرکوت و بەتایبەت لەسەر نیشاندانی ئاسۆی سۆسیالیزم زۆرتر تەرکیز بکاتەوە، لە کاتێکدا هەڵسووڕاوانی کرێکاری لە هێڵی پێشەوەی خەباتدا، قسە لە نان، کار، گرێبەست و ئەمنیەتی شوێنی کار و هەروەها خۆڕاگریی و نارەزایەتییە مەدەنییەکان بکەن. ئەم دابەشکارییە هەم ئاستی هۆشیاریی چینایەتی بەرز دەکاتەوە و هەم دەرفەت بە بزووتنەوەکە دەدات کە لە کاتی خستنەڕووی داواکارییە پیشەییەکاندا، پەیوەندیی ئۆرگانیکی خۆی لەگەڵ خەباتی سیاسیدا بپارێزێت. بەڵام هاوکات دەبێ بەردەوام سەبارەت بەم مەترسییەش هۆشداری بدرێت: وەرچەرخانی فاشیستی ناوخۆی ڕژێم، بەهێزبوونی زیاتری سپا، ئەمنیتربوونی فەزا و سەرکوتی توندتر لە پەراوێزی شارەکاندا. ڕێنمایی بۆ لایەنگرانی ناوخۆی وڵات ئەوەیە کە داواکارییە دیاریکراوەکان ئاوێتەی بەرزترین ئاستی وشیاری و وردبینی ڕێکخراوەیی بکەن.

ئەرکی بنەڕەتی لەم قۆناغەدا ئەوەیە کە نەک هەر نابێت ڕێگا بدرێت «چاوەڕوانیی پاسیڤ و ناچالاک» جێگەی «ڕێکخستنی ئەکتیڤ و چالاک» بگرێتەوە، بەڵکوو دەبێ ئەم قۆناغە ببێتە دەورانی ڕۆشنگەری و ئاگایی بەخشین، دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان کۆڕ و کۆمەڵە جیاوازەکانی نارەزایەتی و خۆئامادەکردن بۆ شەپۆلەکانی داهاتووی خەباتی کۆمەڵایەتی.

## ٨. ئاخێزی ساڵەکانی ١٣٩٦ تا ١٤٠٤ و دەرس و ئەزموونەکانی

یەکێک لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئەم دەورانە، بریتییە لە دارمانی سنووری نێوان نان و ئازادی. ئەگەرچی چەخماخەی هەندێک لە نارەزایەتییەکانی (وەک ٩٦ و ٩٨) بەهۆی کێشەکانی بژێوی و سووتەمەنییەوە لێدرا، بەڵام بە خێرایی بەرەو بەئامانجگرتنی بنەماکانی دیکتاتۆریی ئایینی و گشت پێکهاتە سیاسییەکە هەنگاوی نا. لە ساڵی ١٤٠٤یشدا، پەیوەندیی نێوان هەڵاوسانی لەڕادەبەدەر و بێمتمانەیی سیاسی گەیشتە لووتکەی خۆی، کە ئەمەش نیشانەی ئەو ڕاستییەیە کە کۆمەڵگە چیتر باشبوونی بژێوی ژیان بەبێ گۆڕانکاریی بنەڕەتیی سیاسی، بە مەحاڵ دەزانێت.

بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی» لە ساڵی ١٤٠١دا خاڵێکی وەرچەرخانی نەک تەنیا سیاسی، بەڵکوو کولتووریش بوو. ئەم ئاخێزە بە ئاڵەنگاریکردنی باوکسالاری و کۆنترۆڵ و دیکتاتۆریی بەسەر جەستەدا، دەستکەوتێکی بەرجەستەی وەک «لەگۆڕنانی بەکردەوەی یاسای حیجاب» و گۆڕینی تێڕوانینی کۆمەڵگەی بەرامبەر بە یەکسانیی ڕەگەزی بەدەستهێنا. ئەم گۆڕانکارییە فەرهەنگیانە، بەپێچەوانەی هەوراز و نشێوە سیاسییەکان، لە قوڵایی کۆمەڵگەدا جێگیر بوون.

لە ساڵی ١٣٩٦ بەدواوە، نارەزایەتییەکان ناوەندە گەورەکان و چینی مامناوەندیان تێپەڕاند و شارە بچووکەکان و چینە هەژار و دەستکورتەکانی بە شێوەیەکی ئەکتیڤ و چالاکتر لەخۆگرت. هاوتەریب بوون و لێکنزیکبوونەوەی داواکارییەکانی موعەلیمان، کرێکاران، خانەنشینان و خوێندکاران نیشانەی شکڵگرتنی ئازارێکی هاوبەشە لە دەوری تەوەرەی «عەداڵەت و کەرامەتی ئینسانیی».

ئاخێزەکانی ئەم دەورەیە، بە تایبەت خەزەڵوەری ٩٨ و بەفرانباری ١٤٠٤ دا نیشانی دا کە حکومەت لەپێناو مانەوەی خۆیدا هیچ سنورێک لە بەکارهێنانی دڕندەیی و کوشتاری بە کۆمەڵ ناناسێت. لەم پێوەندییەدا، نابێت ڕۆڵی فریوکارانەی هێزە ڕاستڕەوەکان (سەڵتەنەتخوازان) و دەستتێوەردانە دەرەکییەکانی (وەک ترامپ) لەبەرچاو نەگیرێت کە لە ساتەوەختە هەستیارەکاندا لەجیاتی بەهێزکردنی بزووتنەوەکە، بوونە هۆی بەلاڕێدابردن یان زیانپێگەیاندنی.

### چەند دەرس و ئەزموون بۆ داهاتوو:

- **گەورەترین خاڵی لاوازی ئەم ئاخێزە خۆڕسکانە: بریتی بووە لە نەبوونی ڕێبەرییەکی یەکگرتوو، نەبوونی حیزبێکی سەرتاسەری و ڕێکخراوگەلێکی سیاسیی خاوەن جێگە و پێگەی کۆمەڵایەتی. گوشاری ئەمنی و برینی ئینتەرنێتیش بەردەوام ئەم بۆشاییە ڕێکخراوەییەی قووڵتر کردووەتەوە.**
- **گرنگترین دەرس بۆ زەحمەتکێشان ئەوەیە کە: ئازادییە مەدەنییەکان، دادپەروەریی ئابووری و یەکسانیی ڕەگەزی لێک دانەبڕاون. خەبات بۆ نان بەبێ خەبات لەدژی ستەم و سەرەڕۆیی ناگاتە ئەنجام و بەپێچەوانەشەوە.**
- **بەبێ بوونی ڕێکخراوە سەربەخۆکان و داواکاریی ڕوون و شیاوی بەدیهاتن، تەنانەت ئاخێزە مەزنەکانیش لە بەدەستهێنانی گۆڕانکاریی دەستبەجێی سیستەمی سیاسیدا لەگەڵ ئاستەنگ بەرەوڕوو دەبنەوە.**
- **و لە سەرەنجام، نابێت سەرکەوتن تەنیا بە ڕووخانی دەستبەجێی حکومەت بپێورێت، هاوپشتی بەکۆمەڵ، بەهێزبوونی ڕۆحییەی خۆڕاگریی و گۆڕانکاری لە فەرهەنگی سیاسیی کۆمەڵگەدا، لە زومرەی ئەو دەستکەوتانەن کە ڕێگەخۆشکەرن بۆ ئاڵوگۆڕە گەورەکانی داهاتوو.**

## ٩. وێنە گشتییەکە و ئەرکی هێزە چەپ و ڕادیکاڵەکان

وێنەی گشتی دوای ڕێککەوتنەکە بەم شێوەیەیە: لە سەرەوە، هەوڵدان بۆ بنیاتنانەوەی ناوەندە فەرماندەییە زیانپێکەوتووەکان، سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی دامەزراوە ئەمنییەکان، دابەشکردنەوەی ڕانت، و کۆنترۆڵکردنی کەلێن و ناکۆکییەکانی ناو بازنەی دەسەڵات. لە خوارەوە، بەردەوامی و تەنانەت قووڵبوونەوەی نارەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکان، هەژاری و نایەکسانی، بێئاسۆیی گەنجان، تووڕەیی و بێزاریی ژنان دژ بە هەڵاواردن و سەرکوت، و هەروەها ئەزموونی سەرکوتی توند و بێبەزەییانە لە بزووتنەوەکانی ئەم دواییەدا. پرسی سەرەکی ئەوە نییە کە ئایا نارەزایەتی بوونی هەیە یاخود نا، نارەزایەتی بە قووڵی بوونی هەیە. بەڵکوو پرسی سەرەکی ئەوەیە کە ئەم نارەزایەتییانە چۆن، لە چ ڕەوتێکدا، و بە چ شێوازێکی ڕێکخراوەیی دەتوانن ببنە هێزێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی هۆشیار، بەردەوام و کاریگەر.

ئەگەر ڕەوتی ڕێکخستن لە خوارەوە لاواز، پرشوبڵاو و بێبەرنامە بمێنێتەوە، بنیاتنانەوەی دەسەڵات لە سەرەوە دەستی باڵای دەبێت، ئەگەرچی ناتوانێت قەیرانەکە بە تەواوی چارەسەر بکات. بەڵام ئەگەر بزووتنەوە کرێکارییەکان، ژنان، خوێندکاران، پەراوێزنشینان و خانەنشینان بتوانن داواکارییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بە داواکارییە دیموکراتیکەکانەوە گرێ بدەن، ئەزموونە پرشوبڵاوەکانی ڕێکخراوەیی بگۆڕن بۆ تۆڕی سەرتاسەری و بەردەوام، و لە دەوری ئاسۆیەکی ڕوونی عەداڵەتخوازی و ئازادیخوازیدا یەکگرتوو بن، ئەو کاتە ڕێککەوتنامەکە ناتوانێت داهاتوو بە تەواوی لە چوارچێوەی سات و سەودای نێوان زلهێزەکان و بازنەی بەرتەسکی ڕژێمدا قەتیس بکات.

لێرەدایە کە ئەرکی هێزە چەپ و ڕادیکاڵەکان ڕوون دەبێتەوە: نە گرەوکردن لەسەر شەڕ و دەستتێوەردانی دەرەکی، نە هیوا بەستن بە چاکسازی و ڕیفۆرم لە لووتکەی هەرەمی دەسەڵاتدا، بەڵکوو دروستکردنی پەیوەندییەکی زیندوو لە نێوان خەبات بۆ نان و کار لەگەڵ خەبات بۆ ئازادی و یەکسانی، و ڕێکخستنی هۆشیارانەی ئەم خەباتە لەسەر ئاستی سەرتاسەریدا.

### ئەرک و ئەولەوییەتەکانی ئێمە:

**١. ڕزگاربوون لە دوو وەهمی زیانبەخش:**

- **وەهمی ڕزگاریی لە دەرەوە:** نە گوشاری دەرەکی، نە هێرشی سەربازی، و نە دەستتێوەردانی هێزە جیهانییەکان، ڕێگای ئازادیی خەڵکی ئێران خۆش ناکەن. ئەم گوشارانە تەنیا هاوسەنگیی نێوان هێزە کۆنەپەرستەکان سەرلەنوێ ڕێکدەخەنەوە و تێچووەکەشی خەڵک دەیدات.
- **وەهمی سەرکەوتن بەبێ ڕێکخراوبوون و ڕێبەرییەکی سەرتاسەری و بەهێز:** سەرکەوتن تەنیا دتوانێت بەرهەمی ئاوێتەبوونی سێ بابەتی سەرەکی بێت: هۆشیاری، ڕێکخراوبوون و ڕێبەریی. لە نەبوونی ئەم بابەتەدا، بانگەوازکردنی خەڵک بۆ ڕژانە سەر شەقامەکان، بە واتای سەپاندنی زیان و بردنەسەرەوەی تێچووی گۆڕانکارییە لەم کۆمەڵگەیەدا. قەیرانە ناوخۆییەکانی ڕژێم و کەلێن و ناکۆکی لە سەرەوە، لە نەبوونی ئامادەییدا بەو واتایەی کە ئاماژەی پێکرا، نابێتە هۆی ڕزگاریی جەماوەر. مەودای نێوان لاوازبوونی حکومەتێک و ڕووخانی ئەو حکومەتە، تەنیا هێزی ڕێکخراوی جەماوەر دەتوانێت پڕی بکاتەوە. ئەم دوو ڕوانگەیە، بڕبڕەی پشتی سیاسەتی ئێمەن لە قۆناغی داهاتوودا.

**٢. پێویستیی خستنەڕووی تاکتیکی ڕوون لە ژێر ڕۆشنایی ستراتیژیی گشتیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا:**

- **(ئەلف) بەجیدیگرتنی سەرکەوتنە بەڕواڵەت بچووک و هەنگاو بە هەنگاوەکان:** خەڵک لە بەدەستهێنانی هەر دەستکەوتێک بۆ هەڵگرتنی هەنگاوەکانی داهاتوو هێز وەردەگرن. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەزموونی ٤٧ ساڵ خەبات و خۆڕاگریی لەدژی کۆماری ئیسلامی، ئەنجامێکی بنەڕەتی بەدەست دێت: سەرجەم پاشەکشەکانی ئەم ڕژێمە، تەنانەت لەو شوێنانەش کە بە ئاشکرا لەگەڵ شروشت و ئایدۆلۆژیاکەیدا ناتەبا بووە، تەنیا و تەنیا لەژێر گوشاری خەباتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی جەماوەردا سەپێنراوە. ئەم واقیعە نیشان دەدات کە خەڵکی ئێران، ئەگەرچی هێشتا نەگەیشتووەتە ئامانجی کۆتایی خۆی، بەڵام خەباتەکەی بێئاکام نەبووە. هیچ کام لەم ڕەنج و تێکۆشانە «هەوڵێکی بێ بێهوودە نەبووە. بەپێچەوانەوە، هەر شەپۆلێکی خەبات، ئەزموون، هۆشیاری، بوێری و توانایەکی نوێی بۆ نەبردەکانی داهاتوو کۆ کردووەتەوە.
- **(ب) گۆڕینی گوشاری کۆمەڵایەتی بۆ ڕێکخستنی بەردەوام:** قۆناغی داهاتوو، قۆناغی بەردەوامبوونی گوشارەکان دەبێت بۆ سەر حکومەت. بەڵام ئەگەر بڕیارە ئەم گوشارانە ببنە هۆی باشبوونی ڕاستەقینەی بارودۆخی ژیانی خەڵک و کرانەوەی سیاسی، پێویستی بە مەرجێکی یەکلاکەرەوە هەیە، ئەویش ئەوەیە کە لە ناو جەرگەی هەر خەباتێکی ناوچەیی یان سەرتاسەرییەدا، ڕێکخراوتر بێینە دەرەوە.

درێژەی لە لاپەڕەی دواتر ←

پێشڕەو
دەورەی دووەهەم - ژمارە ٤٧٥ - پووشپەڕی ١٤٠٥ - July ٢٠٢٦

ئەزموونی ساڵانی ڕابردوو نیشانی داوە کە ڕێگای ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی و سیاسی داهاتووی ئێران، لە هەڵچوونە کتوپڕ، ئەگەرچی قارەمانانە و بەربڵاوەکان بەڵام بێ ڕێکخراو و ڕێبەرییەکی بەردەوامەوە، تێپەڕ نابێت. ئەم ئاخێزانە دەتوانن دیوارەکانی ترس بڕوخێنن، بەڵام بە تەنیا ناتوانن هاوسەنگیی هێز بە شێوەیەکی بەردەوام بگۆڕن. لەمڕووەوە، ئەرکی ناوەندیی ئێمە ئەوەیە کە لە ژێر ڕۆشنایی ستراتیژیی ڕوونی حیزبدا، تاکتیکە سیاسییە بەردەست، عەمەلی و ڕێکخەرەکان دیاری بکەین. تەوەرەی ئەم تاکتیکانە دەبێ بریتی بێت لە دروستکردن و بەهێزکردنی ڕێکخراوە سەربەخۆکان. دەبێ لەسەر بەستێنی نەبردەکانی ڕۆژانەدا بۆ نان، کار، ئازادی، یەکسانی و... ئەم تۆڕە ڕێکخراوانە پێک بهێنرێن.

کۆتاییهاتنی شەڕ دەکرێت و دەبێت ببێتە سەرەتای قۆناغێکی نوێ لە خەباتی بەربڵاو و هۆشیارانە بۆ بەدەستهێنانی مافی مانگرتن و مافی ڕێکخراوبوون. تا ئەو کاتەی ئەم مافانە بە شێوەیەکی فەرمی و عەمەلی بەسەر پێکهاتەی دەسەڵاتدا نەسەپێنرێن، خەبات لەپێناو داواکارییە بژێوییەکان بە ناچاری بە پرشوبڵاوی، لۆکاڵی و کەمکاریگەر دەمێنێتەوە. بەڵام بە سەپاندن و جێگیربوونی ئەم مافانە، خەبات بۆ نان، نیشتەجێبوون، دەرمان و پەروەردە دەکەوێتە ڕێرەوێکی سەرتاسەری و کاریگەرترەوە و ڕێگا بۆ هەڵگرتنی هەنگاوەکانی داهاتوو خۆشتر دەکات.

ئەمڕۆ کرێکاران و زەحمەتکێشان زیاتر لە هەر کاتێکی تر، پێویستیان بەوەیە کە لە تەنیایی و پرشوبڵاوی بێنە دەرەوە، ئەڵقەکانی هاوپشتی لە ناوەندەکانی کار و لە گەڕەکەکاندا، لە دروستکردنی تەعاونی یان سندووقی هاوپشتی داراییەوە بگرە تا شێوازە بەربڵاوترەکانی ڕێکخستن، دروست بکەن و بۆ دروستکردنی ڕێکخراوە سەربەخۆ و ڕاستەقینەکان، هەنگاوی بچووک بەڵام بەردەوام هەڵبگرن. قەیرانە یەک لەدوای یەکەکان نیشانیان داوە کە تەنیا لە ناو جەرگەی یەکگرتوویی، ڕێکخراوبوون و خەباتی بەکۆمەڵدایە کە دەتوانرێت لە بەرامبەر ئەم تۆفانەدا خۆڕاگریی بکرێت و ئاسۆی ژیانێکی شایستەتر بەڕووی کۆمەڵگەدا بکرێتەوە.

**٣. جێگە و پێگەی بزووتنەوەی کرێکاری:**

لە نێوان سەرجەم ئەو بوارانەدا، بزووتنەوەی کرێکاری پێگەیەکی تایبەتی هەیە. ئەگەر بزووتنەوەی کرێکاری بتوانێت لە قۆناغی دوای شەڕدا دوو داواکاریی سەرەکی بەسەر حکومەتدا بسەپێنێت، گرێکوێرەی زۆرێک لە بزووتنەوەکانی تریش دەکرێتەوە: مافی ڕێکخراوی سەربەخۆ و مافی مانگرتن، هەردووکیان بە واتا بەرفراوانەکەی وشەکە.

• مافی مانگرتن: تەنیا بە مانای دەست هەڵگرتن لە کار نییە. مانگرتن، ئەگەر بە فەرمی بناسرێت، لە ناخی خۆیدا هەڵگری کۆمەڵێک ماف و ئیمکاناتی جۆراوجۆرە لەوانە: مافی کۆبوونەوە و خۆپیشاندان، پارێزراوبوون لە دەرکردن و سزادان بەهۆی مانگرتنەوە، مافی دانوستانی بەکۆمەڵ و بەستنی گرێبەستی دەستەجەمعی، مافی زانیارییەخشین بەمەبەستی بەدەستهێنانی پشتگیریی گشتی، مافی هاوپشتی و بانگەشە بۆ مانگرتنی پشتگیری، مافی ئەمنییەتی فیزیکیی کرێکاران لە کاتی مانگرتندا، مافی بەڕێوەبردنی کۆڕ و کۆبوونەوە لەبەردەم ناوەندەکانی کار، مافی دەستڕاگەیشتن بە شوێنی کار، و هەروەها مافی بەهرەمەندبوون لە پاڵپشتیی کۆمەڵایەتی و دارایی، لەوانە سندووقەکانی مانگرتن. بە واتایەکی تر، مانگرتن تەنیا ڕاگرتنی کار نییە، بەڵکوو گۆڕینی هێزی پرشوبڵاوی کرێکارانە بۆ ئامرازی گوشاری کۆمەڵایەتی.

• مافی ڕێکخراوی سەربەخۆ: مافێکە کە لەسەر بنەمای ئەو، کرێکاران دەبێ بتوانن بە ئازادی سەندیکا، یەکێتی، ئەنجومەن یان هەر دامەزراوەیەکی تری پیشەیی سەربەخۆ دروست بکەن، پێوەی پەیوەست بن، نوێنەرانی ڕاستەقینەی خۆیان هەڵبژێرن و بە شێوەیەکی بەکۆمەڵ بەرگری لە مافە پیشەییەکان، حەقدەست و مافە مرۆییەکانی خۆیان بکەن. پێویستیی ئەم مافە، بریتییە لە قەدەغەکردنی دەرکردن، هەڕەشە، گوشار، پەروەندەسازی و هەر جۆرە ڕێگرییەک لە چالاکیی پیشەیی. ڕێکخراوی سەربەخۆ واتە کرێکار لە دۆخی تاکەکەسیی تەنیا و بێپەنا بێتە دەرەوە و ببێتە بەشێک لە ئیرادەیەکی بەکۆمەڵ.

بەبێ ئەم دوو مافە، چینی کرێکار بەردەوام بە پرشوبڵاوی، بێپەنا و سەرکوتکراوی دەمێنێتەوە. بەڵام بە سەپاندنی ئەم دوو مافە، دەرفەتی پێوەندی نێوان خەباتە پیشەیی و سیاسییەکان، نێوان داواکارییە ئابووریی و ئازادییە دیموکراتیکەکان، و هەروەها بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی تر دەڕەخسێت.

## «ئەرکەکانی ئێمە لە کوردستان»

**پێشەکی**

لە بارودۆخی ئێستای دوای شەڕدا، بە سەرنجدان بە تایبەتمەندییە سیاسی، کۆمەڵایەتی و چینایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردستان، و بە لەبەرچاوگرتنی تواناکان، مێژووی خەبات و ئەزموونە کەڵەکەبووەکانی ئەم کۆمەڵگەیە، پێویستە هەڵسووڕاوانی حیزبی زیاتر لە هەمیشە بەرەو چالاکیی کۆمەڵایەتی، جەماوەری و ڕیشەدار لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکدا ئاراستە بکرێن. خەباتی سیاسی ئەگەر لە واقیعی کۆمەڵگە، لە پێداویستییە ڕاستەقینەکانی خەڵک و لە داواکارییە بەرجەستەکانی کرێکاران، ژنان، گەنجان، موعەلیمان، کۆڵبەران، و زەحمەتکێشانی شار و لادێ دوور بکەوێتەوە، لە ئاستی دروشمی گشتی و زهنی دا سنووردار دەبێتەوە. لەمڕووەوە، دەبێ ئاراستەی تاکتیکی لەم قۆناغەدا لەسەر ئەو ئەسڵە دابمەزرێت کە چالاکیی سیاسی و حیزبی لە ناو جەرگەی خەباتە کۆمەڵایەتییە باوەکاندا حزووری بەهێزی هەبێت و لە ڕێگەی ڕێکخستن، هۆشیارکردنەوە و لێکهەڵپێکانی داواکارییە جۆراوجۆرەکانەوە، ڕێگا بۆ بەدیهێنانی ئامانجە درێژخایەن و ستراتیژییەکان خۆش بکات.

سەبارەت بەوەی کە لە کوردستان دەگوزەرێت، ئاماژەکردن بە پێکهاتنی «ناوەندی هاوپەیمانیی حیزبەکانی کوردستان» پرسێکی گرنگە کە وەبیرهێنانەوەی لەم پێشەکییەدا پێویستە. کۆمەڵە سەرەڕای بەشداریی ئەکتیڤ و چالاک لە ڕەوتی «ناوەندی دیالۆگ»دا، بەڵگەنامەی «هاوپەیمانی»ی واژۆ نەکرد و لەم بوارەدا هۆکارەکانی خۆی بە ڕوونی لە بەیاننامەیەکدا بڵاوکردەوە:

• دیالۆگ بەڵێ، بەڵام بە شەفافییەت: کۆمەڵە پشتگیری لە دیالۆگێکی شارستانیانە لە نێوان حیزبەکانی کوردستاندا دەکات، بەڵام خوازیاری بەفەرمیناسینی جیاوازییە ڕاستەقینەکان، کێبڕکێی تەندروستی سیاسی، و قبوڵکردنی داوەریی دیموکراتیکی جەماوەر دەکات، نەک شاردنەوەی ناکۆکی و جیاوازییەکان.

• سنووربەندییە ستراتیژییەکانی کۆمەڵە: یەکگرتوویی لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاریی لە سەرتاسەری ئێران، دژایەتیکردنی هاوڕایی لەگەڵ سیاسەتەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل، بەرەنگاربوونەوەی ئۆپۆزسیۆنی ڕاسترەو و سەڵتەنەتخواز، و ڕەتکردنەوەی هاوپەیمانی لەگەڵ موجاهیدینی خەڵق. بەڵگەنامەی هاوپەیمانی لەم تەوەرانەدا ناشەفاف و ناڕوونە.

• ئەولەوییەتی سیاسەت بەسەر دامەزراوەسازیدا: بەر لە ڕێککەوتن لەسەر بەرنامەیەکی هاوبەش، پێویستە سیاسەت و تاکتیکێکی ڕوون بۆ بارودۆخی ئێستا هەبێت، دروستکردنی دامەزراوەی وەک «کۆمیتەی دیپلۆماسیی هاوبەش» بەبێ سیاسەتێکی دیاریکراو، بێکاریگەر دەبێت یان تەنانەت دەبێتە سەرچاوەی قەیران.

• پرسی هێزی چەکدار: کۆمەڵە پێی وایە چەک نابێت لە دەستی حیزبەکاندا بمێنێتەوە، بەڵکوو دەبێ لەژێر کۆنترۆڵی دامەزراوە هەڵبژێردراوە جەماوەرییەکاندا بێت، بیرۆکەی «سوپایەکی یەکگرتووی کوردستانی»ی لەژێر فەرماندەیی حیزبەکاندا بە مەترسیدار دەزانێت، چونکە ململانێی حیزبی دەتوانێت بەسەر گرووپی دژبەر و جیاوازدا دابەشیان بکات.

• دەسەڵاتی جەماوەریی، نەک دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان حیزبەکاندا: هەر جۆرە بۆشاییەکی دەسەڵات دەبێ بە دامەزراوە دیموکراتیکە جەماوەرییەکان لە (گەڕەکەکان، کارگەکان و زانکۆکان) پڕ بکرێتەوە، نەک بە دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان حیزبەکاندا.

• هۆشداری سەبارەت بە ڕۆڵی ئەمریکا و ئیسرائیل: کۆمەڵە بە سەرنجدان بەو هەواڵانەی کە لە پەراوێزی واژۆکردنی ئەم بەڵگەنامەیەدا هاتبوونە ئاراوە، نیگەرانیی خۆی دەربڕی و هۆشداری دا کە سیاسەتی هاوتەریببوون لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ بزووتنەوەی کوردستان کارەساتبار دەبێت.

• کۆمەڵە هێشتاش «ناوەندی دیالۆگ» بە دەستکەوتێکی ئەرێنی دەزانێت و پشتگیری لە بەردەوامیی گفتوگۆکان دەکات.

• واژۆنەکردنی ئەم بەڵگەنامەیە بە مانای کشانەوە لە هاوکاری نییە، کۆمەڵە هێشتا خوازیاری هاوکارییە لەسەر بنەمای ڕاستگۆیی و ڕێزگرتن لە جیاوازییەکان.

• لە کۆتاییدا هەڵوێستی ئێمە بریتی بوو لەوەی کە: هاوپەیمانییەکی کە لەسەر بنەمای شاردنەوەی جیاوازییەکان بونیاد بنرێت، لە ساتە هەستیارەکاندا هەرەس دەهێنێت، و ڕاشکاوی ئەمڕۆ، باشترە لە قەیرانی سبەینێ.

## ١. ئاراستەی تاکتیکی و گرێدانی بە ئامانجە ستراتیژییەکانەوە

تاکتیکەکانی ئەمڕۆ نابێت وەک بابەتگەلێکی جیا لە ئامانجە کۆتاییەکان سەیر بکرێن. بەپێچەوانەوە، هەر هەنگاوێک لە پێناو ڕێکخستنی کرێکاراندا، هەر هەوڵێک بۆ دروستکردنی ڕێکخراوەکانی ژنان، هەر هەنگاوێک لە پێناو بەرگری لە ئازادییە دیموکراتیکەکان، هەر چالاکییەکی فەرهەنگی، هونەری، ژینگەیی و هەر داواکارییەک بۆ خوێندن بە زمانی دایک، ئەگەر هۆشیارانە و لە چوارچێوەی ئاسۆیەکی ڕوونی کۆمەڵایەتیدا بەرەوپێش بچێت، دەتوانێت ببێتە ئەڵقەیەک لە زنجیرەی خەبات بۆ گۆڕانکاریی بنەڕەتیی کۆمەڵگە. بە واتایەکی تر، سیاسەتی تاکتیکیی دروست، پردێکە لە نێوان پێداویستییە دەستبەجێ و هەنووکەییەکانی خەڵک و ئامانجە ستراتیژییەکانی داهاتوودا، پردێکی کە لە لایەکەوە بارودۆخی ژیان بە شێوەیەکی ڕێژەیی باشتر دەکات و لە لایەکی تریشەوە، جەماوەری خەڵک لەگەڵ پێویستیی ڕێکخستن، یەکگرتوویی و دەخالەتی ڕاستەوخۆ لە چارەنووسی خۆیاندا ئاشنا دەکات.

• **(ئەلف) حزووری چالاکانە لە ئەنجومەنە پیشەییەکانی کرێکاراندا:** یەکێک لە بوارە گرنگەکانی ئەم ئاراستەیە، بریتییە لە حزووری چالاکانەتر لەو ئەنجومەنە پیشەییە کرێکارانەی کە لە شارەکانی کوردستان بوونیان هەیە. چینی کرێکار و زەحمەتکێشان لە بارودۆخێکدا دەژین کە هەڵاوسان، بێکاری، حەقدەستی کەم، نەبوونی بیمە و ئەمنییەتی پیشەیی، ژیانیانی ئەوانی بە توندی خستووەتە ژێر گوشارەوە. هەڵسووڕاوانی حیزبی دەبێ لە جەرگەی خەبات و نارەزایەتییەکانی کرێکاراندا حزووریان هەبێت، لە بەدواداچوونی داواکارییەکانی بژێویدا، لە پشتگیریکردنی موعەلیمان، خانەنشینانی کرێکاریی، کرێکارانی کارگەکان، کشتوکاڵ و بیناسازی، کرێکارانی خزمەتگوزاری (لەوانە کرێکارانی پلاتفۆرمی)، کرێکارانی وەرزی و کۆڵبەران، و لە دروستکردنی سندووقەکانی هاوپشتی داراییی، ڕۆڵی کرداری بگێڕن. وەها چالاکییەک ئەزموونی ڕێکخراوەیی، بڕیاردانی بەکۆمەڵ و پشتبەستن بە هێزی خۆیان فێر دەکات. ئەمە ڕێک ئەو خاڵەیە کە خەباتی ڕۆژانە بۆ نان و کار، بە ئاسۆی بەرفراوانتری دەسەڵاتی جەماوەری و دادپەروەریی کۆمەڵایەتییەوە گرێ دەدات.

• **(ب) ڕێکخستنی ژنان لە دەوری مافە بنەڕەتییەکان:** بوارێکی گرنگی تر، ڕێکخستنی ژنانە لە دەوری مافە بنەڕەتییەکان و لەسەر بنەمای بەیاننامەی مافەکانی ژن. ستەم لەدژی ژنان لە کۆمەڵگەی کوردستاندا وەک هەموو شوێنەکانی تری ئێران، بە پێکهاتە چینایەتی، باوکسالاری، ئایینی و سیاسییەکانەوە بەستراوەتەوە. لە کوردستان، ژنان هاوکات لەگەڵ شێوازە جیاوازەکانی ستەم و چەوسانەوە ڕووبەڕوون: هەڵاواردنی ڕەگەزی، گوشارە نەریتی و ئایینییەکان، نایەکسانیی ئابووری، توندوتیژیی خێزانی، کوشتن بە بیانووی شەرەف، بەربەست لەبەردەم کار و بەشداریی کۆمەڵایەتی، و بێبەشبوون لە مافی یەکسان لەناو بنەماڵە و کۆمەڵگەدا. لەمڕووەوە، دروستکردنی ڕێکخراوەکانی ژنان و کۆڕ و کۆبوونەوە ناوچەییەکان، دەتوانێت ڕۆڵێکی دیاریکەر لە گۆڕینی هاوسەنگیی کۆمەڵایەتیدا بگێڕێت.

درێژەی لە لاپەڕەی دواتر ⬅

خەبات بۆ مافی پۆشینی جلوبەرگی دڵخواز، مافی کار، حەقدەستی یەکسان، مافی تەڵاق، سەرپەرشتیکردنی منداڵ، ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژیی خێزانی و بەرگری لە سەربەخۆیی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتیی ژنان، بەشێکە لە بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی یەکسان و ئازاد لە داهاتوودا. هەر هەنگاوێک کە ژنان لە گۆشەگیری بێنێتە دەرەوە و بیانکات بە هێزێکی ڕێکخراو و دەخالەتگەر لە کۆمەڵگەدا، لە ڕاستیدا هەنگاوێکە بە ئاراستەی ئاڵوگۆڕێکی کۆمەڵایەتیی قووڵتر.

• **(ج) بەرگری لە ئازادییە دیموکراتیک و مەدەنییەکان:** بەرگری لە ئازادییە دیموکراتیک و مەدەنییەکانیش یەکێک لە تەوەرە بنەڕەتییەکانی ئەم سیاسەتەیە. ئازادیی بەیان، ئازادیی ڕێکخراوەیی، ئازادیی نارەزایەتی، ئازادیی چاپەمەنی، مافی کۆبوونەوە، مافی چالاکیی حیزبەکان و ئەنجومەنەکان، و هەروەها مافی دەخالەتی خەڵک لە بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیاندا، داخوازی گەلێکی گشتیی و سەرەکین. لە کوردستان، ئەم داواکارییانە لەگەڵ پرسی نەتەوەیی، چینایەتی و کۆمەڵایەتیی ئاوێتە بوون. خەڵکی کوردستان نەک تەنیا خوازیاری نەمانی هەڵاواردنی نەتەوەیی و کۆتاییهێنان بە کەشوهەوای ئەمنییەتین، بەڵکوو خوازیاری بەشداریی ڕاستەوخۆن لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەی خۆیانن. هەربۆیە چالاکی لە بواری ئازادییە دیموکراتیکەکان دەبێ لەسەر بنەمای «بەیاننامەی مافەکانی خەڵکی زەحمەتکێش لە کوردستان» و «بەرنامەی کۆمەڵە بۆ دەسەڵاتدارێتی جەماوەری» بەرەوپێش بچێت. بەرگری لە زیندانیانی سیاسی و هەڵسووڕاوانی کۆمەڵایەتی، نارەزایەتی بەرامبەر بە سەرکوتی موعەلیمان، خوێندکاران، خانەنشینان، کۆڵبەران، کرێکاران، ژنان و گەنجان، کۆتاییهێنان بە کەشوهەوای سەربازی و ئەمنی لە شار و گوندەکان، و برەودان بە بیرۆکەی شۆڕا و دامەزراوە جەماوەرییەکان، سەرجەمیان دەتوانن ئازادیی سیاسی لە دروشمێکی گشتییەوە بگۆڕن بۆ پێداویستییەکی زیندوو و ڕۆژانەی خەڵک.

• **(د) چالاکیی فەرهەنگی، هونەری، ژینگەیی و بەرگری لە خوێندن بە زمانی دایک:** چالاکیی فەرهەنگی، هونەری، ژینگەیی و بەرگری لە خوێندن بە زمانی دایکیش دەبێ پێگەیەکی بەرچاوی لە کار و هەڵسووڕانی کۆمەڵایەتیی چالاکواناندا هەبێت. فەرهەنگ و هونەر لە زومرەی کاریگەرترین ئامرازەکانن بۆ پەیوەندی لەگەڵ جەماوەری بەرفراوانی خەڵکدا. شیعر، مۆسیقا، شانۆ، ئەدەبیات، سینەما، هونەری شەقام و چالاکییە کولتوورییە ناوخۆییەکان دەتوانن پەیامی ئازادی، یەکسانی و خۆڕاگریی بە زمانێکی بەرجەستە و شیاوی تێگەیشتن بگوازنەوە. لە پاڵ ئەوەشدا، بەرگری لە زمانی کوردی و مافی خوێندن بە زمانی دایک، بەرگری لە مافی یەکسانی خەڵکی کوردستانە. ئەم داواکارییە دەبێ بە خەبات بۆ خوێندنی بێ بەرامبەر، یەکسان، دیموکراتیک و ڕزگارییبەخشەوە گرێ بدرێت. هەروەها قەیرانی ژینگە، لەناوچوونی دارستانەکان، کەمئاوی، پیسبوونی هەوا، تێکچوونی لەوەڕگاکان و کەمتەرخەمی بەرامبەر بە سەرچاوە سروشتییەکان، ڕاستەوخۆ هەڕەشەیە بۆسەر ژیانی زەحمەتکێشان، گوندنشینان و نەوەی داهاتوو. چالاکییە ژینگەیییەکان دەتوانن گەنجان، موعەلیمان، خوێندکاران، گوندنشینان و چالاکوانانی شار لە مەیدانێکی هاوبەشدا کۆبکەنەوە و هەستی بەرپرسیارێتیی بەکۆمەڵ بەرامبەر بە داهاتووی کۆمەڵگە بەهێز بکەن.

• **(هـ) لێکهەڵپێکانی داواکارییە جۆراوجۆرەکان:** خاڵی دیاریکەر و سەرەکی لە سەرجەم ئەم بوارانەدا، بریتییە لە لێکهەڵپێکانی داواکارییە نەتەوەیی، چینایەتی، ڕەگەزی و دیموکراتیکەکان لە قاڵبگەلی کۆمەڵایەتی و زیندوودا. هیچ کام لەم داواکارییانە نابێت بە جیا لەوەی تر ببینرێت. کۆڵبەر تەنیا قوربانیی هەژاری نییە، ئەو هاوکات قوربانیی چەوسانەوەی نەتەوەیی، نادادپەروەریی ئابووری، سەرکوتی ئەمنییەتی و نەبوونی دەرفەتی یەکسانە. ژنی کرێکاری کورد تەنیا لەگەڵ هەڵاواردنی ڕەگەزیدا ڕووبەڕوو نییە، ئەو هاوکات لەژێر گوشاری ستەمی چینایەتی و نەتەوەییشدایە. موعەلیمێکی کە لەپێناو خوێندن بە زمانی دایک خەبات دەکات، تەنیا داواکارییەکی فەرهەنگی ناخاتە ڕوو، بەڵکوو لەپێناو دادپەروەریی پەروەردەیی، دیموکراسی و مافی دیاریکردنی چارەنووسیش شەڕ دەکات. کەواتە ئەرکی چالاکوانان ئەوەیە کە ئەم پەیوەندییانە بەکردەوە، لە دروشمەکاندا، لە ڕێکخراوەکاندا و لە چالاکییەکانی ڕۆژانەدا نیشان بدەن تا کرێکار، ژن، گەنج، خوێندکار، موعەلیم، کۆڵبەر و گوندنشین خۆی بە بەشێک لە خەباتێکی هاوبەش بزانێت.

• **(و) ڕاهێنانی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و یەکسان لە ئەمڕۆوە:** گرنگیی ئەم ئاراستانە لەوەدایە کە ئامانجە درێژخایەنەکان لە ئاستی دروشمەوە دەگۆڕێت بۆ ئەزموونی کۆمەڵایەتی. ئەگەر ئامانجی کۆتایی، کۆمەڵگەیەکی ئازاد، یەکسان، شۆڕایی، سۆسیالیستی و پشتبەستوو بە دەسەڵاتدارێتی جەماوەریی بێت، ئەم کۆمەڵگەیە دەبێ لە ئەمڕۆوە لە شێوازی بچووکتردا مەشق و ڕاهێنانی لەسەر بکرێت. کاتێک کرێکاران بۆ بەرگری لە مافەکانی خۆیان ئەنجومەن، کۆمیتە یان سندووقی هاوپشتی دروست دەکەن، لە ڕاستیدا بەڕێوەبردنی بەکۆمەڵ مەشق دەکەن. کاتێک ژنان ڕێکخراوی سەربەخۆ بونیاد دەنێن، بنەماکانی کۆمەڵگەیەکی یەکسان دادەمەزرێنن. کاتێک خەڵک بۆ زمانی دایک، ئازادیی ڕێکخراوەیی، ژینگە و مافە دیموکراتیکەکان خەبات دەکەن، مافی دەخالەتی ڕاستەوخۆ لە چارەنووسی خۆیاندا دەهێننە گۆڕێ. ئەمانە لە زومرەی پێکهێنەرە زیندووەکانی ڕێگای گەیشتن بە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتین.

• **(ز) دوو ئەنجامی هاوکات:** لەسەر ئەم بنەمایە، جێبەجێکردنی وەها سیاسەتێک دوو ئەنجامی هاوکاتی لێ دەکەوێتەوە. یەکەم، بارودۆخی ژیانی خەڵک لە ئاستێکی گونجاودا و بە شێوەیەکی ڕێژەیی باشتر دەکات، چونکە خەبات بۆ حەقدەست، بیمە، ئەمنییەتی پیشەیی، مافەکانی ژنان، ئازادییە مەدەنییەکان، خوێندن بە زمانی دایک و پاراستنی ژینگە، وەڵامدانەوەیە بە پێداویستییە ڕاستەقینە و دەستبەجێ و هەنووکەییەکانی کۆمەڵگە. دووەم، ئاسۆی شۆڕش و گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی ڕوونتر و بەرجەستەتر دەکات، چونکە خەڵک لە ڕەوتی ئەم خەباتانەدا فێر دەبن کە بەبێ ڕێکخستن، هاوپشتی و دەخالەتی ڕاستەوخۆی خۆیان ناتوانن چارەنووسیان بگۆڕن. بەم شێوەیە، خەباتی جەماوەری و کۆمەڵایەتی نە بە واتای پاشەکشێیە لە ئامانجە ستراتیژییەکان و نە جێگرەوەی ئەو، بەڵکوو ڕێگایەکی ڕاستەقینەیە بۆ نزیکبوونەوە لێی.

• **(ح) شۆڕش بەرهەمی کەڵەکەبوونی ئەزموونە:** لە کۆتاییدا، شۆڕشی کۆمەڵایەتی بە فەرمان، دروشم یان چاوەڕوانیی پاسیڤ شکڵ ناگرێت. شۆڕش بەرهەمی کەڵەکەبوونی ئەزموون، ڕێکخستن، هۆشیاری، متمانە، هاوپشتی و حزووری چالاکانەی جەماوەرە لە خەبات و نارەزایەتییەکانی ڕۆژانەدا. سیاسەتی دروست لەم دەورانەدا ئەوەیە کە هەڵسووڕاوانی حیزبی خۆیان لە ناو دڵی کۆمەڵگە، لە پاڵ خەڵک و لە ناوەڕۆکی داواکارییە زیندووەکانیاندا ببیننەوە، خەباتە پرشوبڵاوەکان بە یەکەوە گرێ بدەن، ئاسۆی ڕزگاری بەخش و یەکسانیخوازانە لە کردەوەدا نیشان بدەن، و هەنگاو بە هەنگاو بارودۆخی زەینی و عەینیی پێویست بۆ ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی دابین بکەن. ئەمە هەمان ئەو ڕێگایەیە کە هەم ژیانی ئەمڕۆ ئینسانیی تر دەکات و هەم دوورەدیمەنی داهاتوویەکی ئازاد، یەکسان و پشتبەستوو بە ئیرادەی جەماوەر دەکات بە واقیعێکی بەردەستتر و شیاوی دەستپێڕاگەیشتن.

## ٢. ئەمنییەت و بەردەوامیی کار لە قۆناغی دوای شەڕدا

مانگەکانی سەرەتای دوای کۆتاییهاتنی شەڕ، ڕۆژانێکی هەستیار و دیاریکەرن. کۆماری ئیسلامی لەم قۆناغەدا پەلەیەتی و دەیەوێت پێش شکڵگرتنی هەر شەپۆلێکی نارەزایەتی، دەست بەکار بێت. ئەم مەترسییە بە تایبەت بەرەوڕووی چالاکوانانی سیاسی لە ئاستە جیاوازەکاندا دەبێتەوە. ئەم پرسە تەنیا تایبەت بە کوردستانیش نییە. سەرجەم چالاکوانانی ناوخۆی وڵات دەبێ بە بەرزترین ئاستی ورییاییەوە کار و چالاکییەکانی خۆیان بەرەوپێش ببەن. ئامادەیی سیاسی و ڕێکخراوەیی دەبێ بپارێزرێت. لەم قۆناغەدا دەبێ پشوودرێژ بی و بە پارێزەوە هەنگاو بنرێت. تا ئەو کاتەی حیزب لە ڕێگای ئۆرگانە فەرمییەکانی خۆیەوە سیاسەت و ڕێوشوێنێکی ڕوونتر ڕادەگەیەنێت، دەبێ لە هەر کردەوەیەکی کە بتوانێت بیانوو بداتە دەست هێزە سەرکوتگەرەکان، خۆبپارێزرێت. وشیاریی ئەمڕۆ، مەرجی بەردەوامیی خەباتی سبەینێیە.

## ٣. تەشکیلاتی ئاشکرای کۆمەڵە لە هەرێمی کوردستان

• (ئەلف) پێگەی خەباتی چەکداری: ئەگەرچی لە ماوەی زیاتر لە دوو دەیەی ڕابردوودا، پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە ڕاستای هەڵسەنگاندنی عەینی بۆ بارودۆخی نوێ، دەستیان نەبردووە بۆ عەمەلیاتی نیزامیی هێرشبەرانە لەدژی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی، بەڵام ئەم بابەتە هەرگیز بە مانای خستنەژێر پرسیاری ڕەوایی، ڕەسەنایەتی و پێویستیی مێژوویی بەرگریی چەکداری لە چوارچێوەی «مافی بەرگریی ڕەوا» لە ستراتیژیی ئێمەدا نەبووە و نییە. واقیعی عەینیی مێژوو ئەوەیە کە خەباتی چەکداری هەرگیز بژاردەی یەکەمی خەڵکی کوردستان نەبوو، بەڵکوو لە لایەن هێرشی ڕژێمەوە بەسەر کۆمەڵگەی کوردستاندا سەپێنرا. خەڵک ئازادییان دەویست و چونکە سوور بوون لەسەر ئەوەی بەرگری لە دەستکەوتە دیموکراتیکەکانی خۆیان بکەن، ناچار بوون چەک هەڵبگرن.

ئەوان پەنایان نەبردە بەر توندوتیژی، بەڵکوو لە بەرامبەر دڕندەترین ئامێری سەرکوتی مێژووی هاوچەرخدا وەستانەوە و بەرگرییان لە کەرامەتی مرۆیی خۆیان کرد. ئەمڕۆ، کۆمەڵگەی وشیاری کوردستان بە کۆڵەبارێک لە ئەزموونی بەنرخی مێژووییەوە، خەریکی شکڵ پێدان بە ڕێگا و شێوازی نوێ و ئەمڕۆیی تری خەباتی جەماوەرییە. مانگرتنە سیاسییە گشتیی، یەکگرتوو و سەرتاسەرییەکان، ئەمڕۆ بوونەتە چەکێکی کارامە، جێکەوتوو و ئیفلیجکەر لەدژی دەسەڵات، شێوازێکی خەبات کە بە کەمترین تێچووی مرۆیی، زۆرترین دەستکەوتی سیاسی و ڕێکخراوەیی بەدەست دەهێنێت.

پێکهێنانی بزووتنەوە بەردەوامە مەدەنییەکان، تۆڕە ناوخۆییەکان و پەروەردەکردنی ڕێبەری مەیدانی لە زانکۆکان، کارگەکان و گەڕەکەکاندا، کۆمەڵگەی خستووەتە سەر ڕێڕەوی ئامادەیی تەواو. ڕەنگدانەوەی شکۆمەندی ئەم ئامادەییە لە ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی «ژن، ژیان، ئازادی»دا بە ڕوونی خۆی نیشان دا. ئەم بزووتنەوەیە کە فەلسەفە و دروشمە تەوەرەییەکەی ڕیشەی لە کولتووری سیاسی و پێشکەوتنخوازانەی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵەدایە، ڕێگایەکی ڕوون و بێگەڕانەوەیە کە کۆمەڵگە بەرەو سەرکوتنی کۆتایی ڕێنوێنی دەکات.

• **(ب) پێگەی ئێستای کۆمەڵە لە هەرێمی کوردستان:** سەرجەم بەڵگەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە لە قۆناغی دوای شەڕدا، بارودۆخی کاری ئێمە لەم ناوچەیە گۆڕانکاری بەسەردا دێت. شێواز و ڕەهەندەکانی ئەم گۆڕانکارییە هێشتا ناتوانرێت بە وردی دیاری بکرێت. ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی گوشارەکانی خۆی بۆ سەر هەرێمی کوردستان بە مەبەستی سنووردارکردنی هەرچی زیاتری چالاکییەکانی ئۆپۆزسیۆن چڕتر دەکاتەوە. ئێمە ئاستێکی دیاریکراو لەم گوشارانەمان دوای واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی ئەمنییەتی نێوان ئێران و عێراق ئەزموون کرد و ڕێگاکانی گونجاندنی دۆخی خۆمان لەگەڵ بارودۆخی نوێدا ئەزموون کردووە. وردەکاری ئەم سیاسەتە پێشتر داڕێژراوە و لە هەندێک حاڵەتیشدا بە کردەوە دەرهاتووە. دوو ئەسڵی بنەڕەتی ئاراستەی کردەوەکانی ئێمە دیاری دەکەن: یەکەم ئەوەی کە، بەردەوامیی ئۆرگانە سەرەکییەکانی کار و چالاکیی کۆمەڵە نابێت تووشی ڕاوەستان بێت. دووەم، ئەمنییەت و کاروباری ژیانی هاوڕێیانی ئەم بەشەی تەشکیلات نابێت بکەوێتە مەترسییەوە.

**پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە**
**پووشپەڕی ١٤٠٥ / ژوئەنی ٢٠٢٦**

## ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە سەبارەت بە هێرشی موشەکیی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بارەگای حزبی کۆمەڵەی کوردستانی ئێران

سەرلەبەیانی ئەمڕۆ ٢٦ی پووشپەڕی ١٤٠٥، لە ئەنجامی هێرشێکی موشەکیی جینایەتکارانەی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر یەکێک لە بارەگاکانی حیزبی کۆمەڵەی کوردستانی ئێران، بەداخەوە ٩ پێشمەرگەی ئەم حیزبە گیانیان بەخت کرد.
کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە، لە ناخی دڵەوە ئەم ڕووداوە دڵتەزێنە لە بنەماڵەی داغداری گیانبەختکراوان، هاوڕێیان و هاوسەنگەرانیان سەرەخۆشی دەکات و خۆی بە هاوبەشی خەمیان دەزانێت.
لە ماوەی مانگەکانی ڕابردوودا، ئۆردوگا و بارەگاکانی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە هەرێمی کوردستان چەندین جار کراونەتە ئامانجی هێرشی موشەکی و درۆنیی کۆماری ئیسلامی و لە ئاکامی ئەم هێرشانەدا، بەداخەوە ژمارەیەک لە ئەندامان و پێشمەرگەکانی ئەم حیزبانە گیانیان لەدەست داوە. دووبارەبوونەوەی ئەم هێرشانە، بەشێکە لە سیاسەتی سەرکوت، تیرۆر و هەناردەکردنی قەیران بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران، سیاسەتێکی کە کۆماری ئیسلامی بۆ دروستکردنی ترس و تۆقاندن و ڕووبەڕووبوونەوەی نەیارانی پەیڕەوی دەکات.
ئێمە وێڕای مەحکوومکردنی توندی ئەم هێرشە جینایەتکارانە بۆ سەر هەرێمی کوردستان کە هیچ ڕۆڵێکیان لە هەڵگیرسانی شەڕی ئەمریکا و کۆماری ئیسلامی و بەردەوامیی ئەو شەڕەدا نەبووە، خوازیاری کۆتاییهاتنی دەستبەجێی ئەم هێرشانە و ڕەچاوکردنی ئەمنییەت و مافی دانیشتووانی هەرێمی کوردستانین. هەروەها داوا لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراق دەکەین لە بەرامبەر ئەم دەستدرێژییانەدا، بۆ دابینکردنی ئەمنییەتی گیانیی دانیشتووانی ئۆردوگاکان و بارەگاکانی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، هەنگاوی بەپەلە بنێن.
بێگومان ئەم کردارە تاوانکارانە تووڕەیی گشتی لەدژی حکوومەتی ئیسلامی پەرەپێدەدات و ناتوانێت چارەنووسی ڕژێمێک بگۆڕێت کە بە حوکمی مێژوو، بارودۆخی بابەتیی کۆمەڵگای ئێران و ڕق و تووڕەیی قووڵی خەڵک لە کۆماری ئیسلامی، زوو یان درەنگ مەحکوومە بە نەممان. موشەک و سەرکوت ناتوانێت نارەزایەتی و خەباتی جەماوەری شۆڕشگێڕی کوردستان و ئێران بۆ ئازادی، یەکسانی و ڕزگاری کپ بکات.

**کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە**

**ڕێکخراوی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی ئێران**

**٢٦ی پووشپەڕی ١٤٠**




## خانەنشینان، ویژدانی وەخەبەرهاتووی کۆمەڵگە لە بەرامبەر بێ عەداڵەتی دا





خەباتی ڕێکخراو و ماندووپێی نەناسانەی خانەنشینان لە ئاسۆی دواڕۆژی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئێراندا، دیاردەیەکە لە حاڵی شکڵگرتندا. ئەو خانەنشینانەی کە دەیان ساڵ لە تەمەنی خۆیان کاریان کردووە، ئەمڕۆ لە جیاتی ئەوەی دەورانی خانەنشینی خۆیان لە ئارامی و ئاسایشدا بەسەر بەرن، بوونەتە یەکێک لە پێشڕەوترین و شێلگیرترین هێزە نارازییەکان لە سەر شەقامەکان. «یەکشەممە نارەزایەتییەکانی» ئەوان، لە گەرمای سەرووی ٥٠ پلەی خوزستانەوە بگرە تا شەقامەکانی تاران و ئیسفەهان، چیتر ڕووداوێکی کاتیی نییە، بەڵکوو هێمایەکە لە قەیرانێکی قووڵی بژێویی و بزووتنەوەیەکی داواکاری تەوەری ڕیشەدار کە ویژدانی کۆمەڵگە تووشی ئاڵەنگاری دەکات.
ڕۆژی یەکشەممە، حەوتی پووشپەڕی ١٤٠٥، تەنیا نموونەیەک بوو لە زنجیرە نارەزایەتییە سەرتاسەرییەکانی ئەم توێژە. خانەنشینان لە شارەکانی شووش، ئەهواز، دزفوول، کرماشان، تاران، ئیسفەهان و ڕەشت، یەدەنگ و یەکگرتوو ڕژانە سەر شەقامەکان. دروشمی سەرەکیی ئەوان، «تەنیا لە سەر شەقام، مافەکەمان بەدەست دێت، نیشانەی بێهیوایی تەواوە لە دامەزراوە فەرمییەکان و بڕوایەکی قووڵە بە هێزی چالاکیی ڕاستەوخۆ. ئەم هاوارە، دەنگدانەوەی ژیانی ملیۆنان مرۆڤە کە دوای ٣٠ ساڵ کارکردن، بە حەقدەستێکی کەم لە بەرامبەر هەڵاوسان و گرانی لەڕادەبەدەر دا بەجێ هێڵدراون. ئەم بڕە پارەیە، کە تەنانەت پێش لە وەرگرتنی، خەرجی هەزینە سەرسوڕهێنەرەکان دەکرێت، خانەنشینانی گەیاندووەتە ئەو خاڵەی کە شەقام وەک دوا سەنگەر بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی خۆیان ببینن.
دروشمەکانیان، ئاوێنەیەکی باڵانوێنە لە دۆخی کارەساتباری ژیانیان: «ستەم و زۆرداری بەسە، سفرەمان خاڵییە»، «بێکاری و هەڵاوسان، بەڵای گیانی خەڵکن، «نان گران، دەرمان گران، دەوڵەت بووە بە دوژمنی گیان». ئەم ڕستە سادانە، گێڕانەوەیەکی بەئازارە لە ئابوورییەکانی کە تێیدا زیاتر لە نیوەی مووچەی مانگانە تەنیا خەرجی شوێنی نیشتەجێبوون دەکرێت و نرخی پێداویستییەکانی خۆراک و دەرمان بەردەوام ڕوو لە زیادبوون دەکات. لە دۆخێکی ئاوادا، زۆرێک لە خانەنشینان، لە تەمەنێکدا کە پێویستیان بە چاودێری هەیە، بۆ دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانیان ناچارن دووبارە بەدوای کاردا بگەڕێن یان تەحەمولی هەژاریی موتڵەق بکەن.
یەکێک لە تایبەتمەندییە دیار و گەشەسەندووەکانی نارەزایەتییەکانی خانەنشینان، بریتییە لە پێوەندی قووڵی نێوان داواکارییە بژێویی و داخوازییە بنەڕەتییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان. خەباتی ئەوان چیتر تەنیا داواکاریی زیادکردنی مووچە لەخۆ ناگرێت. ئەوان داوای دەرمانی خۆڕایی و گشتگیر دەکەن، چونکە بەهۆی گرانیی لەڕادەبەدەری دەرمان و بڕانی بەردەوامی بیمە تەندروستییەکان، دەرمان خۆی بووەتە ئازارێکی جەرگبڕ. ئەوان بە دروستی لەوە تێگەیشتوون کە چارەنووسیان گرێدراوە بە چارەنووسی چین و توێژەکانی تری کۆمەڵگەوە. دروشمگەلێکی وەک «کرێکار و مامۆستای زیندانی دەبێ ئازاد بکرێت»، نیشانەی هاوپشتیی چینایەتی و هۆشیاریی قووڵی ئەوانە بەرامبەر بەو ڕاستییەی کە سەرکوتکردنی هەر بەشێکی کۆمەڵگە، دەبێتە هۆی لاوازبوونی هەمووان.
ئەم بزووتنەوەیە، خوازیاری مافی پێکهێنانی ڕێکخراوە سەربەخۆکان، مافی مانگرتن و مافی نارەزایەتی دەربڕینە و بە دروشمی «نە مەجلیس و نە دەوڵەت، لە فکری خەڵکدا نین، بێمتمانەیی موتڵەقی خۆی بە پێکهاتەی سیاسیی دەسەڵاتدار ڕادەگەیەنێت. لە ڕاستیدا، خانەنشینان گەیشتوونەتە ئەو تێگەیشتنەی کە «نان و ئازادی لە یەکتر جیا ناکرێنەوە» و تا ئەو کاتەی کە کەشی ئەمنی، گەندەڵی و سەرکوت زاڵ بێت، گەیشتن بە ژیانێکی شایستە مەحاڵ دەبێت.
قووڵایی قەیرانەکە ئەو کاتە زیاتر دەردەکەوێت کە چاوێک بە ئامارە فەرمییەکاندا بخشێنین. لە ئێرانێکی کە دانیشتووانەکەی دەگاتە زیاتر لە ٨٥ ملیۆن کەس، تەنیا نزیکەی ٤ ملیۆن خانەنشینی کشوری و لەشکری تۆمار کراوە، واتە لە هەر ٢٠ کەس، یەک کەس. ئەم ئامارە بە بەراورد لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە خاوەن پێکهاتەی دانیشتووانی هاوشێوەن، زۆر جێی گومانە. بۆ نموونە، لە بریتانیا لە هەر ٦ کەس و لە تورکیا لە هەر ٧ کەس، یەک کەس خانەنشینە. ئەم جیاوازییە بەرچاوە لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت؟
وەڵامەکە لە پێکهاتەیەکی ئابووریی پڕلە کەموکوڕی و یاسا جیاکارییەکانی کۆماری ئیسلامیدایە. لە ئێراندا، بە ژنانی ماڵەوە کە بەشێکی مەزن لە بارگرانیی کاری بێبەرامبەری کۆمەڵگە لەسەر شانیانە، مووچەی خانەنشینی نایانگرێتەوە. ڕێژەی بەرزی بێکاری، بەتایبەت لە نێوان ژنان و گەنجاندا، دەبێتە هۆی ئەوەی ملیۆنان کەس هەرگیز دەرفەتی چوونە ناو بازاڕی کاری فەرمی و پێدانی بیمەیان بۆ نەڕەخسێ و سەرەنجام لە دەورانی بەساڵاچووندا لە هەر جۆرە پاڵپشتییەک بێبەش بمێننەوە. ئەگەر ئامارگیرییەکی ورد ئەنجام بدرێت و هەموو ئەو کەسانەی کە گەیشتوونەتە تەمەنی خانەنشینی واتە بە (ژنانی ماڵەوە و بێکارانی هەمیشەییشەوە)، ڕێژەی ڕاستەقینەی خانەنشینانی ئێران دەگاتە زیاتر لە ١٠ ملیۆن کەس. ئەم ئامارە شاراوەیە، ڕەهەندە بەربڵاوەکانی هەژاری و بێ عەداڵەتی لە هەمبەر بەساڵاچووانی کۆمەڵگەدا ئاشکرا دەکات.
شێوازی ڕەفتارکردن لەگەڵ بەساڵاچووان، منداڵان و چین و توێژە لاوازەکان، پێوەرێکە بۆ هەڵسەنگاندنی مرۆڤانەبوونی سیستمێکی سیاسی. سیستمێک کە خانەنشینەکانی دوای تەمەنێک لە کار و زەحمەت، بە هەژاری، نەخۆشی و دڵەڕاوکێوە بە تەنیا جێ دەهێڵێت و ئەوان ناچار دەکات بۆ دابینکردنی دەرمان و شوێنێک بۆ نیشتەجێبوون بڕژێنە سەر شەقامەکان، لە مرۆڤانەترین تاقیکردنەوەی خۆیدا شکستی هێناوە.
بزووتنەوەی خانەنشینانی ئێران، ئەولاتر لە نارەزایەتییەکی پیشەیی، خەباتێکی مەدەنیی بەتەواو مانایە لەپێناو وەدیهێنانی ژیانێکی شایستەدا. ئەوان بە جەختکردنەوە لەسەر پێویستیی خۆڕێکخستن لە یەکێتییەکی یەکگرتوو و سەرتاسەریدا، هەنگاوێکی گرنگیان بەرەو ڕێکخستنی هێزی خۆیان هەڵگرتووە. ئەم کەسانە، کە بەردەوام باری قورسی کێشەکانی منداڵانی بێکار، تێچووی قورسی ژیان و فشارە دەروونی و جەستەییەکان تەحەممول دەکەن، ئەمڕۆ شێلگیرانە و لێبڕاوانە هاتوونەتە سەر شەقام و نەک تەنیا بۆ خۆیان، بەڵکوو بۆ داهاتووی نەوەکانی دوای خۆیان خەبات دەکەن. بەردەوامیی ئەم نارەزایەتییانە نیشان دەدات کە ئەم توێژە هۆشیار و خەباتکارە، سەرەڕای هەموو فشارەکان، بووەتە هێزێکی ئیلهامبەخش بۆ تەواوی کۆمەڵگە، هێزێکی کە ئەوە وەبیر هەمووان دەهێنێتەوە کە ماف دەبێ وەربیگری و بۆ ئەو مەبەستەش، دەبێ خەبات بکەی.

********

Workers of all countries, unite!
PESHRAW
No: 475- July 2026
www.komalah.org
Fortnightly paper of the central committee of Komalah

# دیاریکردنەوەی سەرلەنوێی جەلاد بۆ سەرۆکایەتیی دەزگای دادوەری




بەگوێرەی ئەو حوکمەی کە گۆیا لەلایەن موجتەبا خامنەیییەوە دەرچووە، غوڵامحسێن موحسینی ئێژەیی جارێکی دیکە بۆ خولێکی پێنج ساڵە لە پۆستی سەرۆکایەتیی دەزگای دادوەریی کۆماری ئیسلامیدا دەمێنێتەوە. ئەم دەستنیشانکردنە، بەپێچەوانەی ڕواڵەتە ئیدارییەکەی، هیچ مانایەکی نییە جگە لە بەردەوامیی سیاسەتێک: ڕژێمێکی کە کاریگەرترین ئامرازی سەرکوتکردنی خۆی لە شوێنی خۆیدا دەهێڵێتەوە، لەبەر ئەوەیە کە هێشتا پێویستی پێیەتی. ئێژەیی بۆ بەیتی ڕێبەری دادوەرێکی ئاسایی نییە، ئەو یەکێکە لە بەرنامەڕێژانی دێرینەی دەزگای ئەمنی-دادوەریی حکومەت، کە دەکرێ کارنامەکەی وەک مێژوویەکی چڕکراوەی سەرکوت لە کۆماری ئیسلامیدا سەیر بکرێت.
ئێژەیی کە لە ساڵی ١٣٣٥ لە گوندی ئەژیەی ئیسفەهان لەدایکبووە و پەروەردەکراوی قوتابخانەی حەقانییە، چالاکییەکانی خۆی لە مانگەکانی کۆتایی ساڵی ١٣٥٨ لە دادستانی شۆڕش وەک لێکۆڵەر دەستپێکرد. ساڵەکانی یەکەمی چالاکیی ئەو ڕێک هاوکاتە لەگەڵ ئەو قۆناغەی کە هەزاران زیندانیی سیاسی لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا لەژێر ئەشکەنجە و لەسێدارەدانی خێرا و بێدادگاییکردندا بوون. لەو سەردەمەدا ئەو لە پاڵ ئەسەدوڵڵا لاجەوەردی، یەکێک لە ناسراوترین سیماکانی سەرکوتی دەیەی شەست، چالاکیی دەکرد و لە ناو هەمان ئەو پێکهاتەیەدا کاری دەکرد کە کۆمەڵکوژیی زیندانیانی سیاسی ساڵی ١٣٦٧ای خوڵقاند. ناوی ئەو چەندین جار لە گێڕانەوەی ڕزگاربووان و بنەماڵەی قوربانیانی ئەو دەیەدا، بەتایبەت لە دۆسیەی لەسێدارەدانی بەکۆمەڵی زیندانیانی ئەقیدەتی دا، هاتووەتە گۆڕێ.
لە دەیەی حەفتادا، ناوی ئێژەیی بەوەوە گرێ درا کە بە «گەلاڵەی ئەلغەدیر» دەناسرا، گەلاڵەیەک کە بە وتەی توێژەرانی مافی مرۆڤ، ئامانجەکەی بریتی بوو لە ڕفاندن، بێسەروشوێنکردن و لە زۆر حاڵەتیشدا کوشتنی زیندانیانی سیاسیی پێشوو و دواتریش نووسەران و ڕۆشنبیرانی ڕەخنەگر. ئەم دۆسیەیە زەمینەی خۆشکرد بۆ ئەوەی کە دواتر ناوی نرا «قەتڵە زنجیرەییەکان». لە هەمان قۆناغدا، لە نێوان ساڵەکانی ١٣٧٧ تا ١٣٧٩، ناوبراو وەک نوێنەری دەزگای دادوەری لە دەستەی چاودێریی چاپەمەنییەکان، ڕۆڵێکی کاریگەری هەبوو لە داخستنی بەربڵاوی بڵاوکراوە سەربەخۆ و ڕۆژنامەکانی ڕیفۆرمخوازاندا.
لە کاتی خۆپیشاندانەکانی ساڵی ١٣٨٨، ئێژەیی هاوکات وەزیری ئیتلاعات و داواکاری گشتیی وڵات بوو، تێکەڵکردنی ئەم بەرپرسیارێتییانە، ئەوی خستە ناو جەرگەی دەزگای دەستبەسەرکردن، لێکۆڵینەوە و دەرکردنی حوکمی قورس لەدژی خۆپیشاندەران. ڕاپۆرتە جۆراوجۆرەکانی مافی مرۆڤ باس لە ڕۆڵی ئەو لە دۆسیەکانی ئەشکەنجەدان و وەرگرتنی دانپێدانانی زۆرەملێ لە دەستبەسەرکراوانی ئەو ساڵانە دەکەن.
لە بواری مافی ژناندا، ڕێکخراوی جیهانیی ژنان لە ساڵی ١٣٩٠دا بەهۆی هەڵوێستەکانی سەبارەت بە سنووردارکردنی مافی تەڵاق بۆ ژنان، ئەوی وەک «دژەژنترین دادوەری جیهان» وەسف کرد. ناوی ئێژەیی هەروەها لە دۆسیە پڕهەراوهوریاکانی وەک زەهرا کازمی، ڕۆژنامەنووسی ئێرانی-کانەدایی کە لە کاتی دەستبەسەریدا گیانی لەدەستدا، و ڕەیحانە جەباری، کچە گەنجێکی کە دوای بەرگریکردن لە خۆی لە بەرامبەر ئەندامێکی پێشووی دەزگای ئەمنییەتی بە لەسێدارەدان مەحکووم کرا، هاتووەتە ئاراوە.
لە ڕەشەمەی ١٣٩٦، ئێژەیی بەرگری کرد لە گێڕانەوەی ساختەی «خۆکوژی» سەبارەت بە گیان لەدەستدانی دەستبەسەرکراوانی خۆپیشاندانەکانی مانگی بەفرانبار. بەپێی ئەو ئامارانەی کە لەلایەن دامەزراوەکانی مافی مرۆڤەوە بڵاوکراونەتەوە، زۆرترین ڕێژەی لەسێدارەدان لە سێ دەیەی ڕابردوودا لە سەردەمی سەرۆکایەتی ئەو بەسەر دەزگای دادوەریدا تۆمارکراوە. لە کاتی خۆپیشاندانەکانی مانگی بەفرانباری ١٤٠٤شدا، وەک سەرۆکی دەزگای دادوەری، فەرمانی بە داواکارانی گشتی دا کە لە بەرامبەر خۆپیشاندەراندا «هیچ نەرمی و چاوپۆشییەک» نیشان نەدەن، فەرمانێکی کە بووە هۆی لەسێدارەدانی بەپەلەی دەیان کەس، کە زۆربەیان دوای دادگاییکردنێک حوکمی سێدارەیان بەسەردا سەپێنرا کە لانیکەمی پێوەرەکانی دادگاییکردنی دادپەروەرانەی تێدا نەبوو.
بەڵام ئەوەی لە کارنامەی ئێژەیی دا دەیبینین، تەنها ژیاننامەی کەسێک نییە، بەڵکوو وێنەیەکی چڕکراوەی ئەو میکانیزمەیە کە ناوی دەزگای دادوەریی کۆماری ئیسلامییە. دەزگایەکی کە لەسەر بنەمای فیقهی شیعە دامەزراوە و بەشێکی گەورەی دانیشتوانی وڵاتی لە بازنەی یەکسانیی یاسایی وەدەر ناوە.
ژنان، کە نیوەی دانیشتوانی وڵات پێکدەهێنن، لە یاساکانی ئەم دەزگایەدا لە زۆرێک لە بوارەکانی میرات، شایەتیدان، خوێنبەها و مافەکانی خێزاندا بە نیوەی پیاو ئەژمار دەکرێن و لە هەندێک حاڵەتیشدا بەشێوەیەکی بنەڕەتی لە هەرجۆرە پێگەیەکی یاسایی سەربەخۆ بێبەشن. پەیڕەوانی ئایینەکانی دەرەوەی ئیسلام، لەوانە سوننە و بەهاییەکان، ڕووبەڕووی پێشێلکاریی ئاشکرای مافی هاوڵاتیبوون دەبنەوە. سێکولارەکان، سۆسیالیستەکان و کۆمۆنیستەکان لەم نیزامە یاساییەدا لە هەمان سەرەتاوە لە مافی ژیان بێبەش کراون، ناوی «مفسد فی‌الارض» یان بەسەردا بڕاوە و دەیان هەزار کەسیان لەسێدارەدراون یان ناچار بە جێهێشتنی وڵات کراون. پلە باڵاکانی ئەم دەزگایە، لە دادوەری دادوەرانەوە بگرە تا بەرپرسانی دادگاکانی ئینقلاب، زیاتر لە ناو ئەو کەسانەدا هەڵبژێردراون کە دەستیان لە کۆمەڵکوژیی زیندانیانی سیاسیی دەیەی شەستدا هەبووە.
گەندەڵیی بەربڵاو لەم دەزگایەدا بەشێکە لە ڕێسای کارکردنی. بەرتیلخۆری، هاوبەشی لەگەڵ تاڵانکارانی ئابووری، دەرکردنی حوکمی قورس بۆ تاوانبارە بچووکەکان لە پاڵ لێخۆشبوونی چەندبارەی کەسانی گەندەڵی نزیک لە بازنەی دەسەڵات، وێنەیەی دادپەروەرییەکی دووفاقە دەخاتە ڕوو. دیاردەی «شایەتی بەکرێگیراو» و تەنانەت «زیندانیی بەکرێگیراو»، کە لە بەرامبەر وەرگرتنی پارەدا تۆمەتی کەسانی دیکە دەگرێتە ئەستۆ تا تاوانبارە سەرەکییەکە لە سزا ڕزگاری بێت، ئیتر دەنگۆ نییە، بەڵکوو بەشێکی ناسراوە لە کارکردنی ئەم دامەزراوەیە.
ئەشکەنجەدان لەم ڕژێمەدا تەنها زیندانیانی سیاسیی لەخۆ ناگرێت، بەڵکوو زیندانیانی ئاساییش ڕووبەڕووی هەڕەشە، تۆقاندن و دانپێدانانی زۆرەملێ دەبنەوە. زۆرێک لە دۆسیەکانی لەسێدارەدان یان زیندانیکردنی درێژخایەن، لەسەر بنەمای دەربڕینی ئەم دانپێدانانە زۆرەملێیانە وەرگیراون. لەم سیستمەدا، دزە بچووکەکان لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکرێت لە کاتێکدا تاڵانکارییە ملیاردییەکان چاوپۆشییان لێ دەکرێت. فرۆشیارانی وردەی ماددەی هۆشبەر سزا دەدرێن لە کاتێکدا تۆڕە گەورەکانی دابەشکردن زۆرجار لە پێوەندیدان لەگەڵ بەرپرسە باڵاکاندا.
ئەو ژنانەی کە لە ئەنجامی زیانە کۆمەڵایەتییەکان و هەژاریدا ڕوو لە لەشفرۆشی دەکەن، سزا دەدرێن و سووکایەتییان پێدەکرێت، لە کاتێکدا بەڕێوەبەرانی سەنتەرەکانی فەسادی تایبەت بە دەوڵەمەندەکان لە لێپێچینەوەی دادوەری دەپارێزرێن. قاچاخچیانی مرۆڤ کە کچانی تازەلاو بەمەبەستی کۆیلایەتیی سێکسی دەفرۆشن، بە ئازادی چالاکی دەکەن، لە کاتێکدا گەشتە ئەمنییەکان بە بیانووی « بەدحیجابی» مافە کەسییەکانی هاوڵاتیان پێشێل دەکەن.
سیستمی دادوەریی کۆماری ئیسلامی لەسەر بنەمای یاسایەک بەڕێوە دەچێت کە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ فیقهی سوننەتیی شیعە، یاسایەکی کە تێیدا ژن مافی دادوەریی نییە و لە دادگاییکردنەکاندا، بەهای شایەتیدانەکەی بە نیوەی پیاو دادەنرێت. قەساس، تەعزیر و قامچی لێدان لەبەرچاوی گشتیدا، بەشێکن لە ئامرازە ئاساییەکانی ئەم دەزگایە. نەزمێکی لەو شێوەیە، سەرەڕای بانگەشەی دادپەروەری، بەکردەوە ئامرازێک یاسایی بووە بۆ مەشەروعیەت بەخشین بە هەڵاواردن و سەرکوتکاری.
مانەوەی ئێژەیی، لە کۆتاییدا، وەبیرهێنانەوەی ئەم ڕاستییەیە کە چاکسازیی ئەم دەزگایە لە ناوخۆودا مەحاڵە، چونکە کارکردی سەرەکیی ئەو نەک جێبەجێکردنی دادپەروەری، بەڵکوو بریتییە بووە لە جێگیرکردنی دەسەڵاتی سیستمێکی ئایینی-ئەمنییەتی. ڕزگاربوون لەم دۆخە، تەنها بە ڕووخانی کۆماری ئیسلامی دەستەبەر دەبێت.

********

## دواستون

# «شەڕو شەیدایانی»

نووسین: سەلام قادری

شەڕ بۆ ئەوانەی لە دوورەوە سەیری دەکەن، زۆرجار وەک یارییەکی گەورە دەردەکەوێت، یارییەک کە تێیدا ئەوان هەرگیز نابێت دەنگی گوللە ببیستن، ماڵەکەیان بەجێبهێڵن یان لە ژێر داروپەردووی ڕووخاو منداڵێک بدۆزنەوە. لە دوورەوە، شەڕ دەبێتە وشەی جوان و بریقەدار، «شانازی»، «بەرگری»، «ڕزگاری»، «دەسەڵات». بەڵام کاتێک دووکەڵی شەڕ دەنیشێتەوە، ئەوەی دەمێنێتەوە نەخۆشخانە پڕەکان، گۆڕستانە تازەکان و ئەو خەڵکە بەر کارەسات کەوتووەی کە دەبێت ساڵانێک باجی خەونەکانی کەسانی تر بدەن.

لە هەر لایەنێکی ناکۆکییەکدا، هەمیشە کۆمەڵێک هەن کە زیاتر لە خودی شەڕ، عاشقی وێنای شەڕن. لە پشت میکرۆفۆن، لەسەر تەلەویزیۆن یان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بە شێوەیەک قسە لە تەقینەوە و ئاگر دەکەن، ئەنەهوو ئاگر تەنیا لە شاشەکاندا دەسووتێت. هەر مووشەکێک بەڵگەیەکە و هەر وێرانکارییەک پێشەکی سەرکەوتنێکی گەورەیە. وەک ئەوەی مێژوو هێشتا فێری نەکردبن کە شەڕ، زۆرتر لەوەی پاڵەوان دروست بکات، قوربانی دروست دەکات.

تاڵترین ئایرۆنی و گاڵتەجاڕی ئەم چیرۆکە ئەوەیە کە توندڕەوانی دەسەڵات و ڕاسترەوانی ئۆپۆزسیۆن، لەگەڵ هەموو جیاوازییەکانیان، لە خاڵێکی گرنگدا یەک دەگرنەوە، هەردووکیان خەڵک بە سەرمایەیەکی بەردەست دەبینن. یەکێکیان ئازاری خەڵک بە بەهای «بەرگری» ناودەبات، ئەوی تر هەمان ئازار بە پردی «ئازادی». وشەکان جیاوازن، بەڵام پسوولەی کۆتایی هەمیشە بە ناوی هاووڵاتی دەنووسرێت.
ئەو خەڵکەی نە لە ژووری بڕیاردا دانیشتوون و نە لە مێزی شیکاری، یەکەمین کەسانن کە کارەبایان دەبڕدرێت، دەرمانیان دەگمەن دەبێت، نرخ و بەهای ژیانیان دەڕووخێت و ئارامیی ڕۆژانەیان لێ دەسێندرێت. سەیرتر ئەوەیە ئەوانەی زۆرترین خۆرکەی شەڕ کەوتوەتە گیانیان، زۆرجار کەمترین بەش لە ئاکامەکانی دەبەن. منداڵی خەڵکی تر دەچێتە بەرەی شەڕ، ماڵی خەڵکی تر وێران دەبێت و داهاتووی خەڵکی تر قەرزدار دەکرێت.
گەورەترین فریوی شەڕ لەوانەیە ئەوە بێت کە خۆی وەک هەڵبژاردەیەکی ئەخلاقی پیشان دەدات، لە کاتێکدا لە ڕاستیدا، گەورەترین شکستی مرۆڤایەتییە. جەنگ پێش ئەوەی سنوورەکان بگۆڕێت، پێوانەکانی ویژدان و ئەخلاق دەڕووخێنێت. مرۆڤ دەکات بە ژمارە و ئازار دەکات بە ئامار.
ڕەنگە بوێری ڕاستەقینە ئەوە بێت لە نێوان دوو بەرەدا بوەستی کە هەردووکیان کوانوی هەمان شەڕ باوەشێن دەکەن.
مێژوو بەردەوام سەلماندوویەتی کە دوای کۆتایی هەموو شەڕێک، ئەوە خەڵکن کە دەبێت شارەکان لەنوێ بنیاد بنێنەوە، منداڵەکان بگەڕێننەوە بۆ قوتابخانە، ئابووری چاک بکەنەوە و برینەکانی دەروونیان سارێژ بکەن.

شەیداکانی شەڕیش ئەگەر هیچیان لێ مابێتەوە هەرگیز لە کەری شەیتان دانابەزن و چیرۆکی قارەمانەتی و جاڕنامەی ئازایەتی بۆ لایەنگرانیان دهۆننەوە و وەک ئەوەی نە خانێک هاتبێت و نە خانێک ڕۆیشتبێت.

********